تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5771) چوارشەممە 19ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕاگەیاندراوێک لە ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

تەنیا خوێندنەوە بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەم ڕەوشە ناسکەدا، ئاشوب نانەوەیە و هیچ تەفسیرێکی دیکە هەڵناگرێت

ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندراوێکی لەبارەی جنێڕفرۆشییەکانی مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەردراوەتە پارتی و ڕەمزی کوردستانمان ڕاگەیاند ئەمە دەقەکەیەتی:

بە پشوو درێژی پارتی و سەرۆک مەسعود بارزانی و، بە هەوڵ و هیمەتی هەموان، زەمینەی لێک تێگەیشتن و پێکهاتن لەسەر کۆی پرس و بابەتەکان هاتووتە ئاراوە و گرێ کوێرەکان کراونەتەوە و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم گەیشتونەتە دوا قۆناغ کە دەمێکە خەڵکی کوردستان چاوەروانی دەکەن بۆ ڕۆژانێکی باشتر و ئیستقراری سیاسی و ئابووری. لەو کاتەدا کە ناوچەکەو دەوروبەرمان لەبەردەم پێشهات و ئەگەری جۆراوجۆردان کەپێکەوەبوون و کارکردنی هاوبەش لە هێزە سیاسییەکان چاوەڕوان دەکرێت، کەسێکی وەکو مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) نەک هەر نامەسئولانە خۆی دەکاتە دەمڕاستی یەکێتی، بەڵکو بەریشدەدرێتە پارتی و ڕەمزی کوردستانمان.!

زیاتر لە لاپەڕە 3 بخوینەوە



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە یاریدەدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات

دوێنێ سێشەممە 2019/6/18 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە کەریم ئەسعەد ئەحمەدخان یاریدەدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش، ستاییشی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش کرد و پێزانینی هەبوو بۆ قارەمانێتی و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش. هەروەها سەرۆک بارزانیی لە ئەرک و کاری خۆی ئاگادار کردەوە کە لە لایەن سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی ڕاسپێردراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش.



مەسرور بارزانی پێشوازی لە فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا دەکات

مافیا و تاڵانچی و بکوژ هی ئەوە نین وەڵامیان بدرێتەوە

ڕاگەیاندراوێک لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی هەوە

وتەکانی مەحمود سەنگاوی کە لەئەوپەڕی نزمی و بێ ئاستیدا بوون، ئەوە ناهێنێ، وەڵام بدرێتەوە. چونکە مێژوو و کردەوەکانی ئەو کەسە دیار و ئاشکرایە و، مافیا و تاڵانچی و بکوژ هی ئەوە نین وەڵامیان بدرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و گوتەبێژەکەی زۆر جوانتربوو بێ دەنگ بانە نەک ئەوەی بەیاننامەیەکی شەرمنانە و بێ ناوەڕۆک لە بەرانبەر وتەکانی تاڵانچییەک بڵاوبکەنەوە کە بەنەفەسی تێکدانی ڕەوشی کوردستان و شێواندنی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتیی خەڵک قسەی کردووە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی
2019/6/18

مەکتەبی سیاسیی پارتی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات



بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەمەبەستی پیرۆزباییکردن، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کرد. لە دیدارەکەدا کە دوێنێ سێشەممە 2019/6/18 بەڕێوەچوو، مەکتەبی سیاسیی پارتی وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەموو هاوکاری و پشتگیریی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دووپات کردەوە. لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سوپاسی سەردان و پشتگیریی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و جەختی لە گرنگیی هاوکاری و تەبایی و کاری پێکەوەییی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی حکوومەتی ئەمەریکی بۆ ئازادیيە ئایینییەکان دەکات

4

بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی خەبات لەبارەی هەبوون و هەڵگرتنی چەک


بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ هەبوون و هەڵگرتنی چەک بە ڕێنمایی تایبەت مۆڵەتی پێدراوە

چەکهەڵگرت و هەبوونی چەک لە نێو ماڵ و ئۆتۆمبێل و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان سااڵنێکە وەک دیاردەیەکی مەترسیدار و کوشندە سەربەهەڵداوەو هەوڵێکی زۆریش دراوە بۆ بنبڕکردنی، بەاڵم هیچێک لە هەوڵەکان نەبوونەتە چارەسەرێکی بنەڕەتی و تادێت دیاردەکە کاردەسات و ڕووداوی جەرگبڕتری لێ دەکەوێتەوە. بەمەبەستی بەدواداچوونی زیاتر لەسەر ئەو دیاردەیە، لایەنە یاساییەکەی هەبوونی چەک و مۆڵەتی چەکهەڵگرتن لەنێوان هەرێمی کوردستان و چەند وااڵتێکی دیکە بەراورد دەکەین، هاوکات چەند کەسێکیش لەم بەدواداچوونە قسەیان دەبێت.

بەدواداچوون: سەردار حوسێن

هەرێمی کوردستان... وەرزی ماسی دەستپێکردەوە

مەسرور بارزانی پێشوازی لە فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا دەکات



دوێنێ سێشەممە 2019/6/18 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم و راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جەنەراڵ پاتریک رۆبەرسۆن فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا و شاندی یاوەری کرد، کە بەبۆنەی کۆتایهاتنی ئەرکەکەی سەردانی هەرێمی کوردستانی دەبوو.

لەم دیدارەدا پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و هەماهەنگی نێوان هێزەکانی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان تاوتوێکرا.

لەم دیدارەدا فەرماندەی گشتی تیمی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان لە عێراق و سووریا، سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هەماهەنگییەکان و جەنەراڵ بەردەوام بن. هەروەها ئاماژەی بە جموجۆڵەکانی تیرۆریستان کردو جەخت لەوە کرایەوە، کە هێشتا داعش لە عێراق و سووریا ماوە و هەڕەشەیە.

لەبەرامبەردا مەسرور بارزانی هیوای سەرکەوتنی بۆ هەردووکیان لە ئەرکی تازەیان خواست و دووپاتی لە پێویستی بەردەوامیی هەماهەنگی هەمەلایەنەی نێوان هێزەکانی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، رێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد و لەگەڵ لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کۆبوونەوە. پاشان لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن جوان رۆژبەیانی سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان ڕایگەیاند: ڕێبوار تاڵەبانی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و خاوەن سەنگ و پێگەیەکی هەستیارە، بێگومان لەبارەی دۆخی کەرکووکەوە کۆمەڵێک زانیاریی گرنگی لایە بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی بداتە لیژنەکەمان، ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەکەماندا لەبارەی چەند پێشنیارێکەوە فاکتەرێک بۆ پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکان و گێڕانەوەی سەقامگیری و بەرتەسککردنەوەی جموجۆڵی تیرۆریستان لە ناوچەکەدا.

تاوتوێکردنی بەردەوامی شەڕی نێستای سووریا لەناوچە جیاجیاکاندا بەسەر چارەسەرکردنی سیاسیانەی بارودۆخەکە لایەنێکی دیکەی دیارەکە بوو.



ئەمڕۆ کۆمپانیایەکی ئەمەریکی ئامادەی دادبینیی هەڵەبجە دەبێت

پارێزەرێکی خۆبەخشی کەیسی هەڵەبجە رایگەیاند، بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە کۆمپانیای (ئێم ئێم لۆ)ی ئەمەریکی لە دژی ئەو25 کۆمپانیا و کەسایەتیی کە هاوکاریی حکوومەتی عێراقیان کردووە بە فرۆشتنی چەکی کیمیایی، لە دادگای هەڵەبجە ئامادە دەبێت. ئەیاد کاکەیی، پارێزەری خۆبەخشی کەیسی هەڵەبجە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە ساڵانی هەشتاکان25 کۆمپانیا و کەسایەتیی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، هاوکاریی حکوومەتی عێراقیان کردووە بۆ دابینکردنی چەکی کیمیایی و فرۆشتنیان بە رژێم و دامەزراندنی کارگەی ئەم جۆرە چەکە لە ناوخۆی عێراق، بۆیە ئێستا ئێمە وەک پارێزەرانی خۆبەخش لە کەیسی هەڵەبجە، بە هاوکاریی کۆمپانیای (ئێم ئێم لۆ)ی ئەمەریکی، ئەمڕۆ دادبینی لە دادگای هەڵەبجە ئەنجام دەدەین بۆ ڕێکارەکانی وەرگرتنەوەی قەرەبوو بۆ کەسوکاری شەهیدان. کاکەیی ڕاشیدەگەیەنێت: لە ئێستادا 6 هەزار دۆسیە دژی ئەو 25 کۆمپانیا و کەسایەتیانە کراونەتەوە بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبوو لێیان و دادگاییکردنیان.

ڕێبوار تاڵەبانی: ئەوەی بەعس بە 35 ساڵ لە کەرکووک نەیکرد ڕاکان جبووری بە ساڵێک کردی



دوێنێ سێشەممە 2019/6/18 لەسەر بانگهێشتی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد و لەگەڵ لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کۆبوونەوە. پاشان لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن جوان ڕۆژبەیانی سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان ڕایگەیاند: ڕێبوار تاڵەبانی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و خاوەن سەنگ و پێگەیەکی هەستیارە، بێگومان لەبارەی دۆخی کەرکووکەوە کۆمەڵێک زانیاریی گرنگی لایە بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی بداتە لیژنەکەمان، ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەکەماندا لەبارەی چەند پێشنیارێکەوە گفتوگۆمان کرد و چەند زانیارییەکی گرنگی پێداین تاکو ئێمە بتوانین لە داهاتوودا وەک بەرنامەی کاری لیژنەکەمان کاری لەسەر بکەین.

دواتر ڕێبوار تاڵەبانی ڕایگەیاند: لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لیژنەیەکی ئەکتیڤە و زۆر خەمخۆرانە خەریکن کار دەکەن و ئەمە جێگەی دڵخۆشییە. چونکە ئەم بارودۆخەی ئێستا کە تێپەڕ ئەبێ زۆر هەستیارەو خەڵکی ئەو ناوچانە داوای بڕیار و هەنگاوی خێرا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و منیش ئەوەی پێم بکرێت ئامادەم بیکەم. ڕاشیگەیاند: لەم دانیشتنەدا بارودۆخی پێشترم بۆیان باس کرد و دەبێ لەڕێگەی ئەم لیژنە و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و منیش ئەوەی پێم بکرێت تاوەکو ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن کە هەن و ئەو متمانەیەی کە هەیە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان کردەوە وەک بەڵگەیەک بۆ ئەوە بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی ئەو متمانەیە زیاتر بکرێت.

بەتایبەتی کوردی کەرکووک لە دۆخێکی هەستیار دان و ئەوەی سەدام حوسێن و بەعس ویستیان بە 35 بیکەن، ڕاکان جبووری پارێزگاری سەپێدراوی کەرکووک بە ساڵێک کردی و هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیا و گۆڕینی میژووی کەرکووک و بە عەرەبکردنی دەدات.

لەبارەی بارودۆخی ئەمنیی کەرکووکیشەوە تاڵەبانی گوتی: ئێستاش ڕێک وەک دۆخی دوای 16ی ئۆکتۆبەرە و فکرێکی سەربازی ئیدارەی دەکات و پشتگیریی هەموو جۆرە تووندوتیژی و دڵەڕاوکێ و تۆقاندنێک لەدژی نەتەوەی کورد لە شاری کەرکووک دەکەن بۆ ئەوەی شارەکە بەجێ بهێڵن و من بە ئاگاداری دۆخی ژیانی چەند گەڕەکێک هەم کە تەنیا لە یەک نووسینگەی خانوبەرە نزیکەی 200 ماڵە کورد ماڵەکانیان بۆ فرۆشتن داناوە.



جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە کۆنسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان کرد

دوێنێ سێشەممە 18ی حوزەیرانی 2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە دۆمنیک ماس، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لە پەیوەندیی لەمێژینەی نێوان گەلی کوردستان و وڵاتی فەرەنسا کرد و جەختی لەسەر پتەوکردنی زیاتری ئەو پەیوەندییانە کردەوە و ڕۆڵی فەرەنسای لەناوچەکەو پشتیوانی کردنی لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد و هاوکاری و هەماهەنگییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان بەرزنرخاند. جێگری سەرۆکی پەرلەمان سیاسی کۆنسوڵی گشتیی فەرەنساشی کرد بۆ ئەم چالاکییە کلتوورییانەی کە لەهەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن و هیوای خواست لەگەڵ دەستەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرەنسا هاوکارو هەماهەنگ بێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا.

هەرلەدیدارەکەدا هەردوولا بەوردی شەڕی تیرۆرز و دۆخی سیاسی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ناوچەکەیان تاوتوێ کرد. لای خۆشییەوە دۆمنێک ماس، ئامادەیی وڵاتەکەی دەبڕی بۆ هەموو جۆرە هاوکاری و هەماهەنگییەک لەگەڵ هەرێمی کوردستان و خۆشحاڵی خۆشی بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق دەبڕی، پشتگیری و پشتیوانیی خۆی و وڵاتەکەشی بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری ئەو پەیوەندییانە دەبڕی.

ئیمامئۆغلۆ پێش کاندیدەکەی ئەردۆغان دەکەوێت

K24/ چەند ڕاپرسییەک دەریانخستووە، ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ، کاندیدی ئۆپۆزیسیۆن بۆ سەرۆکایەتی گەورە شارەوانی ئیستانبوڵ، کە پێشتر سەرکەوتنەکەی ڕەتکرابووە، هێشتا چانسی زیاترە و لە پێش کاندیدی ئاکپارتی یە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکایەتی دەکات.

ڕاپرسییەکان ئاشکرایان کردووە، ئیمامئۆغلۆ، کاندیدی جەهەپە، لە مێزگردە تەلەڤزیۆنییەکاندا بەسەر بینالی یلدرم، کاندی ئاکپارتی سەرکەوتووە، ئەوەش وایکردووە پێش ئەوەی هەڵبژاردنەکە بکرێتەوە لە 2019/6/23 ئیمامئۆغلۆ زیاتر کەوتووەتە بەر دڵی هاووڵاتیان. لە ڕاپرسیەکیشدا کە 30 هەزار کەس لە دانیستوانی ئیستانبوڵ بەشداریان تێداکردووە و لەلایەن کۆمپانیای ڕاپرسی (ماک دانیسمانلیک) ئەنجامدراوە، 46% بەشداربووان گوتوویانە، ئیمامئۆغلۆ لە کێبڕکێکەدا زیاتر سەرکەوتوو بووە و44% بەشداربووانیش بینالی یلدرمیان پێباشتر بووە. کۆمپانیاکە بەهۆی ئەو ڕاپرسییەوە گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی، ئیمامئۆغلۆ، کاندیدی پارتی گەلی کۆماریی تورکیا، 65% دەنگی ئەو کەسانەی دیکەش لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستبهێنێ کە مانگی ئادار بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردبوو یان دەنگیان نەدا.

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزیش، لەسەر زاری محەمەد عەلی کولات، خاوەنی کۆمپانیای ڕاپرسییەکەوە بڵاویکردووەتەوە "ئیمامئۆغلۆ لە میزگردەکەدا سەرنجی خستووەتە سەر ئەو کارانەی دەیانکات، بەڵام بینالی یلدرم بە زۆری باسی ئەوانەی کردووە کە کردوویانە". کولات گوتوویەتی: بەگوێرەی دواپین ڕاپرسی، هەتا سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەمە، ئیمامئۆغلۆ بە 1.5 خاڵ کەوتبووە پێش ڕکابەرەکەی.



پەرلەمانتارێک: چوار هەزار پۆستی جۆراجۆر لە عێراق بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن



زیاتر لە 4 هەزار پۆستی جۆراجۆر لە عێراق بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن، کە نزیکەی 340یان پشکی هەرێمی کوردستانن، بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و پەرلەمانیش، دەبێ تاوەکو 6/30 ئەو پۆستانە یەکلا بکرێنەوە. د. دیار تەیب، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتیی گوتی: یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە کە تا ئێستا تەوافوقی سیاسی لە نێوان لایەنەکاندا دروست نەبووە لەسەر ئەو پۆستانەی کە بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن، کە زیاتر لە 4 هەزار پۆستی جۆراجۆر لە عێراق بە وەکالەت بەڕێوە دەچن. ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتیی گوتی: یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە کە تا ئێستا تەوافوقی سیاسی لە نێوان لایەنەکاندا دروست نەبووە لەسەر ئەو پۆستانەی کە بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن، پڕ بکرێنەوە و هەر لایەنێک بەرکەوتەی خۆی وەربگرێت، بۆ ئەوەی چیتر هیچ پۆستێک بە وەکالەت بەڕێوە نەچێت، دەیان پۆستی کوردیش لەنێو وەزارەتەکان وەک بریکار و بەڕێوەبەری گشتی و هەروەها دەستەکان و بالیۆز و بالیۆزخانەکان بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە یاریدەدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات

سەرۆک بارزانی: گەلی کوردستان لەپێناو کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە و ئاشتەواییدا هەرگیز دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبردووە



دوێنێ سێشەممە /2019/6 18 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە کەریم ئەسعەد ئەحمەدخان یاریدەدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش، ستایشی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە ڕووبەرووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش کرد و پێزانینی هەبوو بۆ قارەمانێتی و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش. هەروەها سەرۆک بارزانیی لە ئەرک و کاری خۆی ئاگادار کردەوە کە لە لایەن سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی ڕاسپێردراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و دەستپێکردنی پڕۆسەی دادگاییکردنی ئەو داعشانەی دەستیان لە تاوانەکاندا هەبووە. وێرای ئاماژەدان بە شکانی داعش لەڕووی سەربازییەوە ئەوەی خستەڕوو کە ئەو تاوانانەی لە عێراق و کوردستان لە لایەن داعشەوە ئەنجام دراوە دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. جەختیشی لەوە کردەوە هەوڵی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش، لەپێناو جیاکردنەوەی تاوانباران و ڕەخساندنی زەمینەی ئاشتەوایی نیشتیمانییە. داوایشی کرد کە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق هاوکاری تیمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بن. هەروەها ڕاشیگەیاند کە لەو ئەرکەدا پێویستیی بەردەوامی بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی سەرۆک بارزانی هەیە.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی وێرای پێزانین بۆ ئەو بڕیارەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ئەرکێکی پیرۆزی لە قەڵەم دا و پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ ئەو هەنگاوە ڕاگەیاند لەپێناو دادگاییکردن و سزادانی تاوانبارانی داعش.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی هێمای بە قوربانیدانی گەلی کوردستان و پێشمەرگەدا لە شەڕی تیرۆریستاندا و جەختی لەوە کردەوە کە سەرباری هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هێنراون، گەلی کوردستان لەپێناو کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە و ئاشتەواییدا هەرگیز دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبردووە. لە درێژەی وتەکانیدا سەرۆک بارزانی ڕۆشنایی خستەسەر هەڕەشەکانی داعش و ڕایگەیاند کە ڕاستە داعش لەڕووی سەربازییەوە شکاوە بەڵام هەڕەشەکانی داعش هەر ماون و ئەو هەڕەشانە تەواوی جیهانیان کردۆتە ئامانج. سەرۆک بارزانی ئەوەیشی بە شاندی میوان ڕاگەیاند کە ئامانجی تیرۆر دروستکردنی ناکۆکی و دژایەتیی نێوان ئایینەکانە و، ئەوەیش بابەتێکی مەترسیدارە. بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە هەوڵ و هەماهەنگیی هەمەلایەنەی نێودەوڵەتی پێویستە.

ئەحمەدخان: ئەو تاوانانەی لە عێراق و کوردستان لە لایەن داعشەوە ئەنجام دراوە دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە



ئەمەریکا هۆشداری دەدات لەبارەی گەیشتنی توانای ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، مۆرگان ئۆرتاگوس هۆشداری دایە ئێران کە سنووری پیتاندنی یۆرانیۆم نەبەزێنێت کە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بۆی دیاریکراوە و گوتی: هیچ ئارام ناگرین لەبەرامبەر هەڕەشەی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە. مۆرگان ئۆرتاگوس لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژانەی خۆیدا وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانی دایەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەبارەی پرسیارێکەوە سەبارەت بەو لێدوانانەی باس لەوە دەکەن پیتاندنی یۆرانیۆم لە لایەن ئێرانەوە ئەو سنوورەی بۆی دیاریکرابوو تێپەڕی دەکات گوتی: ئەو لێدوانانە جۆرێکن لەچاوترسێنکردن و هیچ سەرسام نین بەوە. مۆرگان ئۆرتاگوس گوتیشی: سەرۆک دۆنالد ترەمپ هەر بەم هۆیەوەیە کە داوا دەکات ڕێککەوتنێکی تر لەگەڵ ئێران بکرێت لەبری ڕێککەوتنی ئەتۆمی پێشتر، بەڵام ناشتوانین ئارام بگرین لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەیەی ئێراندا بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی. ئیدارەی ئەمەریکا، لەهەمبەر بچووکترین هەنگاوی ئێراندا بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، گەورەترین سزای خۆی دەسەپێنێت.

ڕووسیا: چالاکییەکانی ئەمەریکا ئاماژە بە گێرەشێوێنی جەنگ دەکەن

پێوستە ئەمەریکا واز لە پلانی ناردنی سەرباز بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بهێنێت

جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی ڕیابکۆڤ ئاماژەی بەوەکرد کە پێوستە ئەمەریکا واز لە پلانی ناردنی سەرباز بهێنێت بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و، ڕایگەیاند: چالاکییەکانی ئەمەریکا ئاماژە بە گێرەشێوێنی جەنگ دەکەن. ریابکۆڤ لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا و، هەڵسەنگاندنی بۆ بابەتە هەنووکەییەکان و پلانەکانی ئەمەریکا کرد بۆ ناردنی سەرباز بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ریابکۆڤ باسی لەوە کرد کە ئەمەریکا لە هەوڵی زیادکردنی فشارە سیاسیی، دەروونی، ئابووریی و سەربازییەکانە بۆ سەر ئێران و، گوتی: هەموو ئەوانە ئەلقەی زنجیرێکن. بەڕپرسانی ئەمەریکی ڕاستەوخۆ زمانی هەڕەشە ئامێز بەکاردەهێنن. هەڕەشەی هێز بە واتای پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی دێت. ریابکۆڤ ڕاشیگەیاند کە پلانی ڕەوانەکردنی سەربازی زیادە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئەمەریکاوە مایەی نیگەرانییە و گوتی: ئەم جۆرە هەنگاوانە، مەترسی پێکدادان زیاد دەکات. کردەوەکانی ئەمەریکا، ئاماژەن بۆ گێرەشێوێنی جەنگ. ئەمەریکا دەبێت دەستبەرداری پلانی ڕەوانەکردنی سەربازەکانی بێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەبارەت بە تێپەڕاندنی سنووری ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە، ریابکۆڤ ڕایگەیاند کە مۆسکۆ لە هەنگاوەکانی ئێران تێدەگات.

جێی باسە شەوی دووشەمە دۆنالد ترامپ فەرمانی بە ناردنی هەزار سەرباز بۆ کەنداو داوەتە وەزارەتی بەرگری وڵاتەکەی، ئەوەش دوای ئەوەی کە هەفتەی ڕابردوو هێرش کرایە سەر دوو کەشتی نەوتبەر لە دەریای عەمان. هەر هەمان شەویش، پاتریک شاناهان وەزیری بە وەکالەتی بەرگری ئەمەریکا، ڕایگەیاندووە: ئەم هێزانە لەسەر داوای 'سنتکام' و دوای ڕاوێژ لەگەڵ کۆشکی سپی ڕەوانەی ناوچەکە دەکرێن. شاناهان هەروەها وتوویەتی: ئەمەریکا بەنیازی شەڕ لەگەڵ ئێران نییە و ئەم کارە لە پێناو دڵنیابوون لە ئاسایشی هێزە سەربازییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ئەنجام دەدرێت. شاناهان جەختی لەوەش کردووەتەوە کە، "هێرشەکانی ئێران پشتڕاستی دەکاتەوە کە کردەوە دوژمنکارانەکانی ئێران و گروپە گرێدراوەکانی، هەڕەشەیە لەسەر هێزەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا".



راگەیاندراوێک لە ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

ئەم جۆر و کەسانەی ناو ریزەکانی (ی.ن.ک) کە بە پیاوکوژ و کەڵەگایی لە خەڵکی هەژار و قاچاخچیەتی و ڕۆژنامەنووس کوژ و مافیایانە ناسراون، لە پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز دەترسێن

کەسێکی وەکو مەحمود سەنگاوی نەک هەر نامەسئولانە خۆی دەکاتە دەمڕاستی یەکێتی، بەڵکو بەڕیشدەدرێتە پارتی و ڕەمزی کوردستانمان.!

ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندراوێکی لەبارەی جنێوفرۆشییەکانی مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەردراوەتە پارتی و ڕەمزی کوردستانمان ڕاگەیاند ئەمە دەقەکەیەتی:

بە پشوو درێژی پارتی و سەرۆک مەسعود بارزانی و، بە هەوڵ و هیمەتی هەمووان، زەمینەی لێک تێگەیشتن و پێکهاتن لەسەر کۆی پرس و بابەتەکان هاتووتە ئاراوە و گرێ کوێرەکان کراونەتەوە و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێیەم گەیشتونەتە دوا قۆناغ کە دەمێکە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی دەکەن بۆ ڕۆژانێکی باشتر و ئیستقراری سیاسی و ئابووری. لەو کاتەدا کە ناوچەکەو دەوروبەرمان لەبەردەم پێشهات و ئەگەری جۆراوجۆردان کەپێکەوەبوون و کارکردنی هاوبەش لە هێزە سیاسیەکان چاوەڕوان دەکرێت، کەسێکی وەکو مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) نەک هەر نامەسئولانە خۆی دەکاتە دەمڕاستی یەکێتی، بەڵکو بەڕیشدەدرێتە پارتی و ڕەمزی کوردستانمان.!

خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی موژدەی خۆش و قسەی خێر و هەنگاوی جدی و گوتاری عەقڵانی لە هەموو لایەک دەکەن، کەچی کەسێکی نا سیاسی و نەزان بە زمانێک قسە دەکات کە ئەگەر هەر لە قاموسی بێ پەروەردەییدا هەبن، ناوەخت و بێ بیانو بەسەر پارتیدا دەڕشێتەوە کە تەنیا خوێندنەوە بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەم ڕەوشە ناسکەدا کە ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت بکرێت، تێکدانی ئیستقرار و یەک دەستی و یەکگرتوویی کوردستان و ئاشوب نانەوەیە دژ بە بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەییمان و هیچ تەفسیرێکی دیکە هەڵناگرێت.

ئەم جۆر و کەسانەی ناو ریزەکانی (ی.ن.ک) کە بە پیاوکوژ و کەڵەگایی لە خەڵکی هەژار و قاچاخچیەتی و ڕۆژنامەنووس کوژ و مافیایانە ناسراون، لە پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز دەترسێن کە ڕێگایان لێ بگرێت لە کەڵەگایی و ناوچەگەری و ڕەفتارە مافیاییەکانیان.

بەداخەوە ڕەوشی ناوخۆی (ی.ن.ک) بەم ڕۆژە گەیشتووە کە لە مستەوای مەکتەبی سیاسیدا هەریەکە و بە ئاوازێک بخوێنێ و دوا جاریش خیتابی سیاسی خەریکە بکەوێتە لای جنێوفرۆش و دەم هەڕاشەکان و مەکتەبی سیاسی یەکێتیش هەر بەوەندە ئیکتفابکات کە زۆر بەشەرمنانە قسەکانی مەحمود سەنگاوی بە قسەی یەکێتی نەزانێ لەجیاتی ئیدانەکردن و ئیجرائات وەرگرتن...

ئێمە لە پارتی دیموکرات چاوەڕوانیمان لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوەبوو هەڵوێستیان بەرامبەر بەو بێڕێزیەی کراوە هەبێت و ڕێگە لەو جۆرە عەقڵیەتانە بگرن کە هەوڵی شەڕانگێزانە و فیتنە نانەوە دەدەن و ڕێگا لەوانە بگرن کە بە ڕاسپاردە و فیتی خەڵکی دیکە هەڕەشە لە یەک پارچەیی خاکی کوردستان دەکەن.

دڵگرانیشین کە ئەو جۆرە کەسانە ببنە قسەکەر و مدافعی یەکێتی و حەیف بۆ ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی خەڵکی کوردستان کە خیتابی سیاسی کەم و زۆر بکەوێتە لای نەزان و جنێوفرۆش و ئەوانەی لەخەمی نیشتیمان و نەتەوەدانین جگە لە ئەنجامدانی ڕاسپاردەکان...

ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/6/18

داوای سزای 43 تاکو 142 ساڵ زیندانیکردن بۆ دەمیرتاش دەکرێت

سەڵاحەددین دەمیرتاش: منیش وەک مورسی بە ناحەق دەستبەسەرم

داوا لە کوردانی ئیستانبوڵ دەکەم دەنگ بە ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ بدەن



دوێنێ سێشەممە 2019/6/18 دادگاییکردنی هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، سەلاحەددین دەمیرتاش، بەبیانووی بەڕێوەبەردن پروپاگەندەکردن بۆ پەکەکە، نەیاری بەرامبەر یاسای کۆبوونەوە و ڕێپێوان و خۆپیشاندان، بەئاشکرا هاندانی گەل بۆ کین و دوژمنایەتی، هاندانی گەل بۆ پابەندنەبوون بە یاساکان، هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان و شانازیکردن بە تاوان و تاوانباران. بەردەوام بوو. دانیشتنی دادگاییکردنەکە کە لە کەمپی گرتووخانەی سینجان لە لایەن 19ـەمین دادگای سزای قورسی ئەنقەرەوە بەڕێوەچوو، دەمیرتاش لە ڕێگەی تەلەکۆنفرانسەوە لە گرتووخانەی ئەدیرنە کە تیایدا دەستبەسەرە بەشدار بوو. لەو دانیشتنەدا هەندێک لە پەرلەمانتارانی هەدەپە و پارێزەران لە هۆڵی دادگا ئامادەبوون. دەمیرتاش بە نیگەرانی دەربڕین بەرامبەر کۆچی دوایی یەکەم سەرکۆماری هەڵبژێردراوی میسر بە ڕێگەی دیموکراسی، محەمەد مورسی دەستی بە بەرگری کرد و گیانلەدەستدانی مورسی لە زیندان بە "تاوان" لە قەڵەمدا. دەمیرتاش باسی لەوە کرد کە مورسی ماوەیەکی زۆر دەستبەسەرکرا و باسی لەوەیش کرد کە خۆیشی بە ناحەق دەستبەسەر کراوە. سەلاحەددین دەمیرتاش ڕەخنەکانی لەبارەی قۆناغی دادگا لە تورکیا و پاکێچی چاکسازی دادگا لەسەر دادگاییکردنی بە دەستبەسەرکراوی خستەڕوو و ڕایگەیاند: ئەگەر ئازاد بکرێت هاوکار دەبێت بۆ قۆناغی ئاشتیی. دەمیرتاش کە لەبارەی داواکارینامەی ژمارە 12 کە لەگەڵ سکاڵانامەی ئامادەکراو یەکخرابوو داکۆکی لە خۆی دەکرد ئاماژەی بەوە دا کە گوتارەکانی کە لە چوارچێوەی کاری سیاسی داونی وەک ئەنجامدانی تاوان ڕووبەڕووی کراونەتەوە. دەمیرتاش ئەوەشی باس کرد کە تەنها چەند گوتەیەک لە گوتارەکەی دەرهێنداوە و هەمووی نەخراوەتە ڕوو کە ڕایگەیاندبوو "دەوڵەت لە دیاربەکر واتە قەرەقۆڵ. هیچ نوێنەرایەتییەکی دیکەی نییە. یەک تاکە (نوێنەری) هەڵبژێردراوی نییە. ئاکەپە لێرە هیچ مەودایەکی سیاسی نەماوە. دەمیرتاش تەواوی گوتارەکەی خوێندەوە کە لە داواکارینامەکەدا باس کراوە و ئاماژەی بەوە دا کە سووڕە لەسەر گوتارەکەی و بانگەشەی ئەوەی کرد کە کرۆکی گوتارەکە ڕەخنەگرتن بووە. دەمیرتاش ڕاشیگەیاند کە بەکارهێنانی وشەی "بەڕێز" بۆ سەرۆکی پەکەکە، عەبدوللا ئۆجەلان تاوان نییە. جێی باسە لە سکاڵانامە ئامادەکراوەکەدا بانگەشەی ئەوە کراوە بەتۆمەتی "بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی"، "پرۆپاگەندەکردن بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی"، "سەرپێچیکردنی یاسای گردبوونەوە، خۆپیشاندان و ڕێپێوان"، "هاندانی خەڵک بە ئاشکرا بۆ ڕق و کینە و دووبەرەکی"، "ستایشکردنی تاوان و تاوانباران" دەمیرتاش لە 43 ساڵ تاکو 142 ساڵ بە زیندانیکردن سزا بدرێت. لەلایەکی دیکەشەوە هەر دوێنێ سێشەممە سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، لە زیندانەوە پەیامێکی بۆ دەنگدەرانی هەدەپە ناردووەو دەڵێت "بڕوامان بەوە هەیە ئێستا پشتگیری لە ئەکرەم ئیمامئۆغلو وەکوو سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ بکەین". دەمیرتاش لە پەیامەکەیدا ئەوەشی نووسیوە: هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئیستەنبوڵ کەمی ماوە، کە بە زۆر هەڵبژاردن دووبارە کرایەوە، هەڵوێستی هەدەپە لە لایەن سەرکردایەتی هەدەپەوە ئاشکرا کرا و هەموومان دەزانین هەڵوێستیان چۆنە، بۆیە دڵنیام ئەوەی پێویست بێت دەیکەن و ئەرکی خۆیان ڕادەپەڕێنن. بڕواشم وایە کە هیچ کەسێک دووڵ نییە و بڕواشم وایە نابێت دووڵ بن، چونکە ئەمە هەڵبژاردنێک نییە کە دەمێک بێت کەسەکە هەڵبژێردرا بێت. ئەگەر ئێمە بمانەوێت ڕێگەی دیموکراتی، ئاشتی، عەدالەت، یەکسانی، ئازادی بکەینەوە، بێگومان هەڵوێست و پەیوەندی هەدەپە بە هەڵبژاردنەوە زۆر گرنگە. لە بەشێکی تری پەیامەکەیدا، داوا دەکات پشتگیری لە ئەکرەم ئیمامئۆغلو بکەن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئیستەنبوڵ لە 23ی حوزەیران، چونکە ئەوان بە یەکەوە جوانن و ئەگەر هەدەپەش بخرێتە دەرەوەی بازنەی سیاسەت هیچ شتێک جوان نابێت.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کرد



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەو ڕووداوانەی ئەم دواییەی گوندەکانی دەوروبەری شاری کەرکووک و سووتاندنی دەغڵ و دانی هاوواڵاتیان، ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان سەرەڕای ئیدانەکردنی ئەمجۆرە کارانە، داوای لە حکومەتی عێراقی کردووە بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و جەختیشی لەسەر پێویستیی پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکەو پاراستنی سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە بەبێ جیاوازی کردۆتەوە. هەروەها باسی لە پێویستیی چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور و پێویستیی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کەرکووک و دەوروبەری کرد. هەر لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان لەسەر هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی پەرلەمانی کوردستان کردەوە و پێویستە هاوکاریی هەردوولا بەردەوام بێت بۆ چارەسەری کێشەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک ئەنجامی بدەن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن حکوومەتی ئەمەریکی بۆ ئازادییە ئایینییەکان دەکات



ڕۆژی 29ی نیسانی2019 کۆمیسیۆنی حکومەتی ئەمەریکی بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی پێکهاتەکان لە جیهان بڵاوکردەوە و لە بەشی تایبەت بە عێراق باس لە ڕەوشی پێکهاتەکان دەکات لە هەرێمی کوردستان. لەم بارەوە د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند: ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن حکومەتی ئەمەریکی بۆ ئازادییە ئایینییەکان دەکەین، کۆمیسیۆنی ناوبراو لە نوێترین ڕاپۆرتیان بە ئەرێنی باس لەوە دەکات کە هەرێم پەناگەیەکی ئارامە بۆ ڕاگوێزراوان لە پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان و تیشکی خستۆتە سەر بەشێک لە چالاکیەکانی حکومەتی هەرێم کراوە لە پێشوازی کردن لە ڕاگوێزراوان. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم سەبارەت بە پێشوازی کردن لە ڕاگوێزراوان گوتی: هەر کاتێک پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان هەستیان بە مەترسی کردبێت، ئەوا هەرێمی کوردستان هەمیشە دەرگاکانی هەرێمی والا کردووە بۆ پێشوازی کردن لێیان و حەوانەوەیان، چونکە ئاوارەکان لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی بەهم شێوەیە: عەرەبی سوننەمەزهەب 40% کوردی ئێزیدی 30% کوردی موسڵمان 13% کریستیان 7 شیعە و شەبەک و تورکمان و ئەرمەن 10%. زێباری باسی لە ڕووداوەکانی ساڵی2014 و هێرشی تیرۆریستانی داعش کرد و وتی: لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە پاراستنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە داعش دەستی بەسەردا گیرابوو کە بەشی هەرەزۆری ناوچە نیشتەجێی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی وەک کریستیان، ئێزیدی، کاکەیی و شەبەک، بەسەدان هەزار هاوواڵاتی دانیشتووی ئەم ناوچانە ئاوارە بوون و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبێ جیاوازی بەرگری لەو ئاوارانە کرد و ڕۆڵی هەرە سەرەکیی هەبوو لە ئازادکردنەوەی ئەم ناوچانە و لەم پێناوەدا گیانی سەدان پێشمەرگە بوونە قوربانی. ئەمەش نیشانەی بەهێزی و پتەویی گیانی تەبایی و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمە بەبێ جیاوازی.

زێباری ئاماژەی بە مافی پێکهاتەکان کرد لە هەرێمی کوردستان و لەم ڕووەوە وتی: لە مادەی 6ی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بە ڕوونی مافی پێکهاتەکانی پاڕێزراوە کە تێیدا هاتووە، گەلی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە کورد، تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان، ئاشووری، ئەرمەن و هاوواڵاتیانی دیکەی هەرێمی کوردستان، واتە پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە، وەک کەمایەتی سەیر نەکراون، هەروەها لە مادەی 7ی ڕەشنووسەکەدا هاتووە: ئەم دەستوورە دووپات دەکاتەوە کە ئیسلام ناسنامەی ڕاستەقینەی زۆرینەی گەلی کوردستانە، بەڵام مافی ئایینی کریستیان و ئێزیدییەکان و ئەوانی تر زامن دەکات لە ئازادی بیروباوەڕ و ئەنجامدانی چالاکییە ئایینییەکان. لە ڕووی سیاسیشەوە لە ساڵی (2005) ژمارەی کورسی کۆتای پێکهاتەکان بە5 کورسییەوە زیادکرا بۆ11 کورسی بەم شێوەیە: 5 کورسی بۆ تورکمان و 5 کورسی بۆ کلدان، ئاشوری و سریان و1 کورسیش بۆ پێکهاتەی ئەرمەن، ئەمەش نیشانەی پاراستن و گرنگیدانی هەرێمی کوردستانە بە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان کە لە هەرێمی کوردستان دەژین.

سەبارەت بە لایەنی پەروەردە و خوێندنی باڵا دیندار زێباری وتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و خوێندنی تورکمانی و سریانی لە وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و لاوان و پەروەردە دامەزراوە بۆ ئەم مەبەستەش خوێندن بە زمانی تورکمانی و سریانی دەخوێندرێت لە دەیان قوتابخانەی هەرێم، هەروەها دەستەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک سەرپەرشتی خوێندنی ئایینی ئێزیدی دەکات و لە ساڵی 1999ەوە تا ئێستا لەو ناوچانەی کە ئێزیدییەکان تێیدا ژۆرینەن وانەی ئێزیدیاتی دەخوێندرێت لە قۆناغی یەک تا دوازدەی بنەڕەتی، لەلایەکی دیکەوە قوتابیانی پێکهاتەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بەبێ جیاوازی وەردەگیرێن، ئەمە جگە لەوە ڕێگا بە سەدان قوتابی ئاوارە و پەنابەر دراوە کە درێژە بە خوێندن بدەن، هەروەها زانکۆی کاسۆلیکی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دامەزراوە کە تێیدا قوتابییەکان فەلسەفەی لاهوت دەخوێنن و لە ساڵی 2006ەوە پەیمانگای شەمعون صەفا گواستراوەتە هەولێر و ئێستاش بەردەوامە.

سەبارەت بە ڕزگارکردنی ڕفێندراوەکانی دەست داعش زێباری گوتی: نووسینگەی تایبەتی جەنابی سەرۆکوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو لیژنەی دامەزراندووە بۆ ڕزگارکردنی ئێزیدیە ڕفێندراوەکان و لیژنەی بە جێنۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان، کارەکانی ئەم دوو لیژنەیە بەردەوامە و لەم ڕووەوە هەزاران ڕفێندراو ئازادکراون، لەلایەکی دیکەوە بە سەدان دۆسیە ئامادە کراوە بۆ بەجێنۆسایدناساندنی کەیسی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان و بڕیار وایە ژمارەیەک گۆڕ بە هاوکاری لەگەڵ تیمی نەتەوەییەکگرتووەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ئێتیحادی هەڵ بدرێنەوە.

مەلایەکی عێراقی تێدایە

سوید دەستی بە دەرکردنی ئەو ئیسلامییە تووندڕۆیانە کرد کە پشتیوانیان لە داعش کردووە

پێشتر وەزارەتی ئەوقافی هەرێم لەبارەی فیکری تووندڕۆیی هۆشداری بە دامەزراوەیەکی سوید دابوو

دەسەلاتدارانی حکوومەتی سوید دەستیان بە دەرکردنی ئەو پەنابەرە موسڵمانانە کردووە کە پشتیوانیان لە داعش و گرووپە ئیسلامییە تووندڕۆکان کردووە و دەستپێکی ئەم ڕێوشوێنانەش بە دەرکردنی 3 کەس بوو کە یەکێکیان عێراقییە و ئیمامی مزگەوتێکی ولاتی سویدە.

نووسینگەی کۆچی سویدی ڕایگەیاند: بەپێی میدیا ناوخۆییەکان دەزگای قەلاچۆکردنی تیرۆر لە سوید بڕیاری دەرکردنی 3 کەسی داوە کە سەرجەمیان ئیسلامین و مافی پەنابەرێتی و پاسپۆرتی سویدیشیان هەیە، بەهۆی ئەوەی هانی خەڵکیانداوە تا پشتگیری لە گرووپە ئیسلامییە تووندڕۆکان بکەن و لە ناویاندا ئیمامێکی عێراقی هەیە بە نازناوی ئەبو ڕەعد و ناوی تەواویشی ریاز عەبدولکەریم جاسم، تەمەنی 53 ساڵ و وەک بانگوازێکی ئیسلامی لەژێر چاودێری دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکانی ولاتی سوید بووە و بەپێی ڕۆژنامەی ئیکسبرسنی سویدی ئەم مەلا عێراقییە ڕۆڵی هەیە لە هاندانی موسڵمانان دژی سستمی حوکمڕانی لە ئەوروپا و هەروەها لە فەیسبووک هەواڵی خۆشحاڵی دەربڕینی بە داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە لە ساڵی 2014 بڵاوکردووەتەوە. دەسەلاتدارانی سوید دووپاتی دەکەنەوە کە بەهۆی ئەو ئازادییە ڕەهایەی بۆ ئەو ئیسلامییە تووندڕۆیانە لە سوید ڕەخساوە، ژمارەی تووندڕۆکان لەم ولاتەدا لە چەند سەد کەسێکەوە بۆ هەزاران کەس زیادی کردووە و پێویستە ئیجرائاتی بەپەلە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تووندڕەوانە بکرێت.

شایانی باسە ساڵی2014 شاندێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێم بە سەرپەرشتی مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف، سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئایینەکانی ولاتی سویدی لە ستۆکهۆڵم کرد و هۆشداری ئەوەی بە بەڕێوەبەری گشتی ئەم دامەزراوە حکومیە سویدیە دا کە سەرپەرشتی چالاکییەکانی زیاتر لە 60 ئایین و بیروباوەڕی جۆراوجۆر دەکەن، کە خەڵکی کوردی ئیسلامی تووندڕۆ لە ولاتی سویدەوە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هانی گەنجانی کورد دەدەن، تا بڕۆنە ڕیزەکانی داعش، بەڵام ئەوکات بەرپرسانی سوید زۆر بەجدی ئەم هۆشدارییەیان وەرنەگرت، هەتا کردەوە تیرۆریستییەکان زۆر شاری ئەوروپایان کردە ئامانج.

گەمارۆکان هەشتا لەسەدی سەرچاوە دارایییەکانی ئێرانی کردووەتە ئامانج

مەهدی کەرباسیان: ئەمەریکا ساڵانە 17 ملیار دۆلار زیان بە ئابووری ئێران دەگەیەنێت

بەرپرسێکی ئێران ئاشکرای کرد، گەمارۆکانی ئەمەریکا لە سەدا 80ی داهاتی ئێرانی کردووەتە ئامانج و دەشڵێت وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا 800 کەسی بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی گەمارۆکان ئەرکدار کردووە. مەهدی کەرباسیان جێگری پێشووی وەزیری پیشەسازی ئێران لەچاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئاژانسی ئیلنا ئاشکرای دەکات ئەمەریکا بەهۆی گەمارۆکانەوە لە سەدا 80ی سەرچاوە دارایییەکانی ئێرانی کردووتە ئامانج و بۆ ئەو مەبەستەش 800 کەسی بۆ چاودێری گەمارۆکان ئەرکدار کردووە. کەرباسیان دەشڵێت ئەمەریکا بە گەمارۆ خستنە سەر کەرتی پێترۆکیمیایی ئێران سالانە 17 ملیار دۆلار زیان بە ئابووری ئێران دەگەیەنێت. کەرباسیان ئاماژە بەوەش دەکات کە لەم ماوەی سەپاندنی گەمارۆکان بە هۆکارێکی نادیار 30 ملیار دۆلار لە ئێران چووتە دەرەوە کە ئەوەش زیانێکی زۆری بە ئابووری ئەو وڵاتە گەیاندووە.

بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی خەبات لەبارەی هەبوون و هەڵگرتنی چەک

بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ هەبوون و هەڵگرتنی چەک بە ڕێنمایی تایبەت مۆڵەتی پێدراوە

لە هەرێمی کوردستان پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەک سنووردار دەبێت و تەنیا لە حاڵەتی زۆر پێویست دەبێت

چەکهەڵگرتن و هەبوونی چەک لە نێو ماڵ و ئۆتۆمبێل و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان سااڵنێکە وەک دیاردەیەکی مەترسیدار و کوشندە سەریهەڵداوەو هەوڵێکی زۆریش دراوە بۆ بنبڕکردنی، بەاڵم هیچێک لە هەوڵەکان نەبوونەتە چارەسەرێکی بنەڕەتی و تادێت دیاردەکە کارەسات و ڕووداوی جەرگبڕتری لێ دەکەوێتەوە. بەمەبەستی بەدواداچوونی زیاتر لەسەر ئەو دیاردەیە، الیەنە یاساییەکەی هەبوونی چەک و مۆڵەتی چەکهەڵگرتن لەنێوان هەرێمی کوردستان و چەند وااڵتێکی دیکە بەراورد دەکەین، هاوکات چەند کەسێکیش لەم بەدواداچوونە قسەیان دەبێت.

بەدواداچوون: سەردار حوسێن

1

یاسای تایبەت بە چەک هەڵگرتن

بەپێی چەند ئامارێکی ڕێکخراوە جیهانییەکان کە تایبەتمەندن لە بواری بنبڕکردن و نەهێشتنی چەک بەدەست خەڵکی مەدەنییەوە، سااڵنە زیاتر لە 7 ملیۆن پارچە چەکی بچووک لەالیەن کارخانەکانی چەک لە جیهان و دروست دەکرێت و لە نێستایشدا زیاتر لە 639 ملیۆن پارچە چەکی بچووک و نیو ئۆتۆماتیکی بەدەست خەڵکەوە هەیە کە هیچ مۆڵەتێکی یاساییان بۆ وەرنەگیراوە، هاوکات لە بەشێک لە وااڵتانی جیهانی سێیەم یاسا و ڕێنماییەکی تایبەت بە هەڵگرتنی چەک بوونی نییە و هەرکەسێک ئازادە لەوەی چەک بەدەست بێنێت و هیچ ڕێگرییەکی لەبەردەمدا نییە.

مۆڵەتی هەبوون و هەڵگرتنی چەک بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان هیچ ئامارێک لەبەردەست نییە کە ڕێژەی ئەوانەی چەک هەڵدەگرن و ژمارەی ئەو کەسانەی چەکیان هەیە بخاتەڕوو، بەاڵم بەپێی بەدواداچوونێکی مەیدانی ڕۆژنامەی خەبات، لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بازاڕی تایبەت بە کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردن بە چەک هەیە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی چەک لەالیەن دەزگاکانی ئاساییشەوە ڕێکخراوەو ئەوانەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەک دەکەن مۆڵەتی ڕێگەپێدانیان هەیە، بەاڵم ئەوەیش نەبووەتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو چەکە سووکانەی بەدەست هاووالتیانی هەرێمی کوردستان لە مااڵ و لەنێو ئۆتۆمبێل هەیە، ئەگەرچی زۆرجار هەڵمەتی دامااڵینی چەک لەالیەن دەزگاکانی ئاساییش و پۆلیسەوە ئەنجامدراوەو ژمارەکی زۆریش لەو چەکانە دەستیان بەسەرداگیراوە.

هەمیشە لەکاتی ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکان دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و لە دەزگا میدیایی و تۆڕە کۆمەاڵیەتییەکان بەتایبەتی داوای بنبڕکردن قەدەغەکردنی چەکهەڵگرتن دەکرێت، بەاڵم کەمتر باس لەوە دەکرێت چۆن چەکهەڵگرتن سنووردار بکرێت و چ یاسا و ڕێنماییەکی فەرمی هەیە بۆ ئەو کەسانەی بە هەر هۆیەک لە هۆیەکان دەیانەوێ چەکیان هەبێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زۆرێک لە وااڵتانی جیهان یاسا و ڕێنمایی تایبەتی هەیە بۆ ئەم مەبەستە، بەاڵم ئەوەی زۆرتر دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کارەسات و ڕووداوی دڵتەزێن ئەو چەکانەن کە هیچ مۆڵەتێکیان نییە.

پێگەی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشی ڕێنماییەکانیدا، بە فەرمانی کەریم سنجاری وەزیر ناوخۆ و پەیوەست بە هەبوون و هەڵگرتنی چەک ئەم ڕێنماییەی باڵو کردۆتەوە:

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشت بەو دەسەاڵتەی لە ماددەی3 برگەی 1 لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە 6ی سااڵی2009 و یاسای چەک ژمارە 16ی سااڵی 1993 لە 2015/2/17 ڕێنمایی ژمارە 3638 دەردەکات ولە ماددەی سێیەمی ئەو ڕێنماییەدا هاتووە: مۆڵەتی چەکهەڵگرتن و هەبوون و نوێکردنەوەی چەک دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

1- پێشکەشکردنی داواکارییەک بە دەسەاڵتی پێدان.

2- تەمەنی داواکار نابێ لە 18 ساڵ کەمتر بێت.

3- حوکم نەدرابێت بە تاوانێک یان کەتنێکی ئابڕووبەر (مخلە بالشرف) بە پشتگیری بەڵگەیەکی تاوان.

4- کەمئەندام نەبێت یان نەخۆشی دەروونی نەبێت یا کێشەی لە چاوەکانی نەبێت، بە شێوەیەک کە نەتوانێت چەک بەکاربهێنێت، بە پشتگیری ڕاپۆرتی پزیشکی.

5- بە شێوەیەکی ڕەوا (مشروع) چەکی دەست کەوتبێت.

6- پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت بە زانیاری داواکاری چەک.

هەروەهاش لە ماددەی چوارەمی ئەو ڕێنماییەی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە:

1- پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەک سنووردار دەبێت و لە حاڵەتی زۆر پێویست دەبێت و لەالیەن دەسەاڵتی پێدان داواکارییەکانی پێدانی مۆڵەت هەڵدەسەنگێردرێت پاشان ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت دوای جێبەجێکردنی هەموو مەرجەکان.

2- مۆڵەتی چەک بۆ یەک ساڵ دەدرێت.

لە ماددەی پێنجەمی هەمان ڕێنمایی و لە خاڵی دووەمدا هاتووە: پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەکی ئۆتۆماتیکی یان نیو ئۆتۆماتیکی وەکو (کالشینکۆڤ) تەنها لە دەسەاڵتی وەزیرە.

هاوکات لە هەمان ڕێنماییدا چەندین بڕگە و خاڵی دیکەش هەن، کە زیاتر ڕێکاری یاسایی و ڕۆتینییە، لە هیچێک لەو خاڵانەیشدا ڕێگرییەکی ڕاستەوخۆ لە هەبوون و هەڵگرتنی نەکراوە و هیچ سزایەکیش بۆ ئەو کەسانە دیارینەکراوە کە بەبێ مۆڵەت چەک هەڵدەگرن.

لە هەرێمی کوردستان کێ چەک هەڵدەگرێت..؟

وێڕای هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش و دەزگا ئەمنییەکان، پاسەوانی کۆمپانیا ئەهلییەکان و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان، مافی چەکهەڵگرتنیان هەیە و لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی جیاکراوەتەوەو ئەو ڕێنماییانەی هەیە لەسەر ئەوان جێبەجێ ناکرێ، بەاڵم لەم بەدواداچوونە مەیدانییەی ڕۆژنامەی خەباتدا، چەند کەسێک بەناوی خوازراوەوە قسە لەسەر ئەو دیاردەیە دەکەن:

شاهین کچێکە ماوەی سااڵێک و هەشت مانگ لە یەکێک لە مۆڵەکانی هەولێر وەک سکیوریتی کاری کردووە، ئەو گوتی: ئەرکی من پشکنینی ئەو کەسانە بوو کە سەردانی مۆڵەکەیان دەکرد، لەم ماوەیەی من لەو مۆڵە کارم کردووە هەشت ئافرەتم بینیووە چەکیان پێ بووە، هەڵبەت زۆرتریش هەبوو، بەاڵم ئەوانەی خۆیان دەهاتن و چەکەکانیان تەسلیم دەکرد جیاوازە، ئەو هەشت ئافرەتە دووانیان ئەفسەر بوون و دەیانویست بەبێ پرس بڕۆنە ژوورەوە تەنانەت مشتومڕیشیان لەگەڵ کردین.

شاهین دەشڵێت: بەاڵم ئافرەت هەبووە قوتابی زانکۆ بووە، دەمانچەمان لەناو جانتاکەی دەرهێناوە، بەاڵمانەوە سەیر بووە کە بۆچی چەکی هەڵگرتووە.!

دەچینە مۆڵێکی دیکەی شاری هەولێر، محەمەد کورێکە لەوێ پاسەوانی دەرگایە و قسەمان لەگەڵ کرد کە بۆ مەبەستێکی وەها هاتووین تا زانیاری لەسەر هەڵگرتنی چەک وەرگرین، ئەو گوتی: جارێ با ئێوە بپشکنم بزانم چەکتان پێ نییە، کە لێمان پرسی بۆچی هێندە بە گومانی؟! گوتی: سیقە نەماوە.

محەمەد دەڵێت: ئەگەر هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس دەیانەوێ چەکهەڵگرتن قەدەغە بکەن، با تیمێکی خۆیان لەالی ئێمە دابنێن، لێرە هیچ ڕۆژێک نییە زیاتر لە 100 دەمانچە لە خەڵک وەرنەگرین، بەاڵم ئێمە تەنیا مافی ئەوەمان هەیە چەکەکان وەرگرین لەگەڵ ناسنامەیەک، نەک مۆڵەتی چەکهەڵگرتن.

ئەو زیاتریش قسەی لەسەر دیاردەکە کرد و گوتی: زۆرینەی ئەوانەی چەکیان پێیە و دێنە ئێرە کەسانی بەڕێزن، هەندێکیان پێشمەرگە و پیاوانی پۆلیس و ئاسایشن، بەڕێزەوە چەکەکانیان تەسلیم دەکەن، بەاڵم کێشەمان لەگەڵ هەندێک گەنج هەیە، کە تەنانەت ناسنامەیەکیشی پێ نییە و بە ئاسانیش ئامادە نییە چەکەکەی لای ئێمە جێبهێڵێت.

دەگوترێ لە هەرێمی کورستان زۆرێک لە شوفێران چەکیان پێیە، بەتایبەتیش شوفێری تەکسییەکان، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ژمارەیەک لەو شوفێرانەی تەکسی قسەمان کرد، کە لەبەردەم هەمان مۆڵ وەستابوون، لەنێو حەوت شوفێری تەکسی یەکێکیان گوتی: بەڵی من دەمانچەم پێیە و مۆڵەتیشم نییە، بەاڵم دەمانچەم بۆ شەڕکردن نییە، بۆ خۆپاراستنە، تا ئێستایش کەس دەمانچەکەی بەدەستمەوە نەبینیووە.

ئەو شوفێرە گوتیشی: چەکهەڵگرتن بەو ڕێژەیەش نییە کە باسی لێوە دەکرێ، بەاڵم هەیە و ناکرێ بڵێین هەر نییە، ئێمە زۆرجار دەچینە دەرەوەی شار و خەڵکی بیانی و بەتایبەتیش عەرەب زۆرن، کە زۆرینەی ئیشی تەکسی بەهۆی ئەوانەوەیە، ڕاستییەکەی متمانەشمان نییە و ناچارین بۆ خۆپاراستن چەکمان هەبێت، چونکە ڕووداوی ناخۆش بینراوەو کارەساتی لێکەوتۆتەوە.

لە تورکیا 20 ملیۆن چەک بەدەست هاووالتیانەوەیە

وێڕای ئەوەی بەردەوام حکوومەت و دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وااڵتە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێ چەک لە ماڵ و لەنێو ئۆتۆمبێلەکانیان هەبێت، بەاڵم تورکیا لە پلەی 27مینی ئەو وااڵتانە دێت کە ڕێژەی چەکهەڵگرتن تیایدا بەرزە و بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی (ئومێد) کە ڕێکخراوێکی تایبەتمەندە بە دژایەتیکردنی توندوتیژی، لە ساڵی 2017دا لەکۆی زیاتر لە 80 ملیۆن کەس لە دانیشتوانی تورکیا20 ملیۆن چەک بەدەست هاووالتیان و دانیشتوانی ئەم وااڵتەوە هەبووەو 35.5٪ی ئەو چەکانەش لە جۆری دەمانچەیەو لەم ژمارەیەش تەنیا یەک ملیۆن و نیو چەک مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیان بۆ وەرگیراوە.

دانیشتوانی تورکیا بۆچی چەک هەڵدەگرن.؟

بەپێی توێژینەوەیەکی کۆمەڵەی پزیشکیی دەروونی تورکیا، پێنج چین لە دانیشتووانی ئەم وااڵتە هەن کە چەکیان لەماڵ و لەناو ئۆتۆمبێلەکانیان هەیە:

1- کارکردن لە هەندێک بواری مەترسیدار.

2- بۆ خۆپاراستنی لە هەر ڕووداوێکی لەناکاو.

3- بەشێکیان هیچ هۆکارێکیان نییە و تەنیا حەزیان بە هەبوونی چەک هەیە.

4- هەڵگرتنی چەک وەک ئارەزوویەکی بۆ ماوەیی.

5- بوونی چەک بەدەست ڕاوچییەکان، کە ئەوەیش زۆرجار کارەساتی لێکەوتۆتەوە.

مەرجەکانی چەک هەڵگرتن لە سعودیە

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی ڕۆژنامەی خەبات کە لەچەند سایت و پێگەیەکی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی سعودیە وەرگیراوە، مۆڵەتی چەکهەڵگرتن و هەبوونی چەک لەم وااڵتە تا ئاستێک هاوشێوەی مەرجەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک لە سعویە بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێتە ئەو کەسانەی دەیانەوێت چەکیان هەبێت:

1- پڕکردنەوەی بەڵێننامەیەک لەالیەن ئەو کەسەی داوای هەبوونی چەک پێشکەش دەکات، کە تیایدا دەبێ بەڵێن بدات چەکەکەی نەداتە هیچ کەسێک و هەر کاتێک بیەوێت بیفرۆشێت یان ئاڵوگۆڕی پێبکات، دەبێ الیەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە.

2- دەبێ ژمارەی ئەو فیشەکانەی لە چەکەکەی هەیە سنووردارکرابێت و نابێ لە ئاستی خۆپارێزی زیاتر بێت.

3- دەبێ بەڵێن بدات چەک لەنێو حەرەمی مەککەی پیرۆز و مەدینەی مونەوەرە هەڵنەگرێت.

4- دەبێ بەڵێن بدات چەکەکەی نەباتە نزیک پێگە سەربازییەکانی ئەو وااڵتە و دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە و فەرمانگەکانی حکوومەت و فڕۆکەخانە و مزگەوت و شەقامە گشتییەکان و ئاهەنگ و بۆنەکان، هاوکات ناشبێت بە ئاشکرا چەکەکەی بەدەستەوە ببیندرێت.

5- لە حاڵەتی دزران یان لەکارکەوتنی چەکەکە، دەبێ خاوەنەکەی نزیکترین بنکەی پۆلیس ئاگادار بکاتەوە.

چەک و ئەمەریکاو چەند ئامارێکی سەیر.. !

بەپێی ئەم بەدواداچوونە زۆرترین ڕێژەی هەبوون و هەڵگرتنی چەک لە ویالیەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و بەردەوامیش ڕێژەکە لەبەرزبوونەوەدایە، هاوکات چاودێران پێیانوایە لەسەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا باراک ئۆباما زۆرترین چەک کەوتۆتە دەست هاووالتیان و ئەم ژمارانەیش بەشێکن لەو ئامارانە:

1- لە هەر 10 چرکەیەک لە ئەمەریکا چەکێک دروست دەکرێت.

2- هەموو بەیانییەک لەکاتی چوون بۆ دەوامی فەرمی، یەک ملیۆن ئەمەریکی چەک هەڵدەگرن و دوو ملیۆن ئەمەریکیش چەک لەناو ئۆتۆمبێلەکانیان هەیە.

3- تەنیا 12٪ی ئەو چەکانەی بەدەست هاووالتیانی ئەمەریکییەوە مۆڵەتی چەک هەڵگرتنیان هەیە و 88٪ی ئەو چەکانە بێ مۆڵەتن.

4- زیاتر لە 50٪ی ئەو دەمانچانەی لە جیهان دروست دەکرێن لە ئەمەریکایە.

5- ڕۆژانە تەقە لە 75مندااڵ دەکرێت و نۆ منداڵ بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدەن.

6- ساڵانە نزیکەی100 هەزار ئەمەریکی بە چەکی بێ مۆڵەت تەقەیان لێ دەکرێت.



لە سعودیە دەبێ ژمارەی ئەو فیشەکانەی لە چەکەکە هەیە سنووردارکرابێت و نابێ لە ئاستی خۆپارێزی زیاتر بێت

لە ئەمەریکا تەنیا 12٪ی ئەو چەکانەی بەدەست هاووالتیانەوەیە مۆڵەتی چەک هەڵگرتنیان هەیە و 88٪ی ئەو چەکانە بێ مۆڵەتن





لە تورکیا بەشێک لەوانەی چەکیان هەیە هیچ هۆکارێکیان نییە و تەنیا وەک حەز و ئارەزوویەکی بۆماوەیی چەک هەڵدەگرن

بە هەوڵی بەرپرسی لقی 16 کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان دوو بنەماڵەی سنوورەکە چارەسەر کرا



لەبەردەوامی هەوڵ و کۆششەکانی بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە کێشە و گیروگرفتەکانی هاونیشتیمانیانی سنوورەکە، لە بارەگای لقی 16 بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی چیا محەمەد هەرکی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان و کوردۆ ئەحمەد کارگێڕی لق و دڵسۆزان و خەمخۆرانی چارەسەرکردنی کێشەکە و بنەماڵەی هەر دوولا کۆتایی هێنرا بە کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو بنەماڵەی عومەر ئیبراهیم عومەرو سالار ئەنوەر محەمەد.

لەدەسپێکی دانیشتنی ئاشتەواییەکەدا بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی لق بەناوی بەرپرسی لقی16 وێرای سوپاس و پێزانینی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەخەمخۆرییەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیان داوە، خۆشحاڵی خۆیشی دەربڕی بۆ بەدەنگەوە هاتنیان و دەستخۆشی ئاراستەی هەردوو بنەماڵەکە کرد و ڕایگەیاند چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی هاووڵاتیبانی سنوورەکە هەم لەلایەنی ئاینی کارێکی پیرۆزەو هەمیش بنەمایەکە بۆ ئەوەی تاکەکان بە ئاسوودەیی ژیانی ئاسایی خۆیان بگوزەرێنن، بۆیە مایەی خۆشحاڵیمانە کە ئەمڕۆ ئەم دوو بنەماڵە بەرێزە ئاشت دەبنەوەو کۆتایی بەکێشەی نێوانیان دەهێنن.

لەبەرامبەردا هەردوو بنەماڵەی سالار ئەنوەر محەمەدو عومەر ئیبراهیم عومەر سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی لقی 16 و تەواوی ئەو کەسانە کرد کە ڕۆڵێکی گەورە و خەمخۆرانەیان بینی لە چارەسەرکردنی کێشەکەیان و دوای واژووکردنی ڕێکەوتننامەی نێوانیان بەڵێنیاندا کە پابەندی ئاشتەوایی نێوانیان دەبن و ڕێگە نادەن جارێکی دیکە کێشەی لەو جۆرە دووبارە ببێتەوە.

نوێنەری سوودمەندانی چاودێریی خێزان بۆ گێڕانەوەی مووچەکانیان هانا بۆ پەرلەمانی کوردستان دەبەن



نوێنەرانی سوودمەندبووانی چاودێریی خێزان بۆ گێڕانەوەی مووچەکانیان هانا بۆ پەرلەمانی کوردستان دەبەن و داوای گەڕانەوەی مووچەکانیان دەکەن.

دوێنێ سێشەممە /2019/6 18 کۆمەڵێک لە سوودمەندانی چاودێریی خێزان و نوێنەری ئەو سوندمەدبووانە سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن و لەگەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مندااڵن و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان کۆ بوونەتەوە.

نوێنەری سوودمەندان بە لیژنەی پەیوەندیداری ڕاگەیاندووە: ئەمە داواکاریی نوێنەری سوودمەندبوانی چاودێریی خێزانە و ئەوان داوا دەکەن مووچەی چاودێری خێزان خەرج بکرێت و داواش دەکەن سەرجەم ئەو مووچانەیان پێ بدرێتەوە کە لای حکوومەتەو وەریان نەگرتووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەشیاندا داوای قەرەبووی مەعنەوی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە و ئەو سوودمەندبوانە پێکدێن لە خێزانی خاوەن پێداویستییەکان و بێوەژن و منداڵی بێباوک و گەورە کێ و ئافرەتێک کە هاوسەرکەی زیندانی کرابێت کە مووچەکەشیان 150 هەزار دینارە.

بەرپرسی لقی 24 لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری مرۆیی کوردستان خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا



دوێنێ سێشەممە 18ی حوزەیرانی 2019 هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتیمان، لە بارەگای لق، پێشوازیکرد لە بەرپرس و دەستەی ڕێکخراوی هاوکاری مرۆیی لە کوردستاندا.

لە دانیشتنێکدا بەرپرسی لقی 24ی سەفین وێرای بەخێرهێنانیان دەستخۆشی لێکردن بۆ دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە، پاڵپشتی و پشتیوانی خۆشی بۆ دووپاتکردنەوە و تاکیدیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە خزمەتکردن بێت بە هەموو چین و توێژەکان و بەتایبەت خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان.

لای خۆشیانەوە بەرپرسی ڕێکخراوی هاوکاری مرۆیی، سوپاسی بەرپرسی لقی کرد بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لێیانی کرد و تیشکی خستەسەر ئامانجی کاری ڕێکخراوەکەیان کە هاوکاری و پاڵپشتە بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هەروەها ئەو خانەوادانەی کە پێویستە هاوکاری بکرێن بێ جیاوازی.

دواتر خەڵاتی ڕێکخراوەکەیان پێشکەشی بەرپرسی لقی 24ی سەفین، هیوا ئەحمەد مستەفا کرد،لە بەرامبەر ئەو پاڵپشتی و پشتیوانییەی کە بۆیانی دەربڕیوە و هیوایان خواست کە بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنیان.

بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی ناوەخۆ وەزارەتی کشتوکاڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باج دەخاتە سەر بەرهەمی هاورده

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایدەگەیەنێت، بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و زیانمەندنەبوونی جووتیاران، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی تازە سەبارەت بە هاوردەکردنی بەرهەمی سەوزە و میوە دەگرێتە بەر.

سەهێن حوسێن، بەڕێوەبەری گشتیی باغداری و دارستان و پاوانەکان، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی و زەرەرمەندنەبوونی جووتیارانی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پلانێکی تۆکمە و بە ڕێژەی جیاجیا باج دەخاتە سەر ئەو بەرهەمانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کاتی پێگەیشتنیان هاتووە و بازرگانانیش هاوردەی دەکەن.

حوسێن ڕاشیدەگەیەنێت: بۆ هەر بەرهەمێک کە لە هەرێمی کوردستان کاتی پێگەیشتنی دێت، وەزارەت بیست ڕۆژ زووتر سیستەمی باجەکە پەیڕەو دەکات، بۆ ئەوەی بازرگانان بەرهەمی هاوردەی زۆر لە ساردکەرەوەکاندا هەڵنەگرن.

لەبارەی بڕی ئەو باجەی کە دەخرێتە سەر بەرهەمی هاوردەی بیانییەوە، سەهێن ئاشکرای کرد: بۆ هەر تۆنێک میوە بڕی300 هەزار دینار، بۆ هەر تۆنێک سەوزەش بڕی 250 هەزار دینار باجیان دەخرێتە سەر، دوای ئەوەی کاتی نەمانی بەرهەمەکەش لە کوردستان تەواو دەبێت، باجەکە لە سەر کاڵاکە هەڵدەگیرێت.

جووتیاران: ئەو بڕە گەنمەی کە بەغدا وەریدەگرێت زۆر کەمە



بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم:
بەغدا 340 هەزار تەن گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت



ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی: ژمارەیەک لە جووتیارانی کوردستان گلەیی و گازەندە لە حکوومەتی عێراق دەکەن کە بۆچی گەنمی جووتیارانی هەرێم لە چاوەڕوانی زیادکردنی بەرهەمی گەنمەکانیانن لە بەغدا و گەنمی جووتیارانی هەرێم لەچاو شارەکانی دیکەی عێراق زۆر کەمتر وەردەگیرێت، هەرچەندە وەزارەتی بازرگانی حکوومەتی هەرێم هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی ماندووبوونی جووتیارانی هەرێم بە فیڕۆنەڕوات سەبارەت بەوەرگرتنی گەنمی جووتیاران سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێممان کرد و لەوێدا نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم گوتیشی: بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، پارێزگاکانی دیکەی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان ئەو بڕە گەنمەی کە بەرهەمیان هێناوە بە دەر لە پلان و بەرنامەی کشتوکاڵی ساڵی 2018 بۆ2019 لێیان وەردەگیرێت، بەاڵم ئەو بڕیارە هەرێمی کوردستانی لێ بێبەری کراوە و لە ماوەی ڕابردوودا لەگەڵ وەزیری بازرگانی عێراق کۆبوونەوە لێدوانەکەیدا نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم گوتیشی: بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، پارێزگاکانی دیکەی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان ئەو بڕە گەنمەی کە بەرهەمیان هێناوە بە دەر لە پلان و بەرنامەی کشتوکاڵی ساڵی 2018 بۆ2019 لێیان وەردەگیرێت، بەاڵم ئەو بڕیارە هەرێمی کوردستانی لێ بێبەری کراوە و لە ماوەی ڕابردوودا لەگەڵ وەزیری بازرگانی عێراق کۆبوونەوە و بەڵێنی پێدراین کە بەشی هەرێم زیاد بکات بۆ ئەو مەبەستەش لە هەوڵی بەردەوامین تا ئەو بڕە گەنمەی جووتیارانی هەرێم زیاد بکات دواتر دەربارەی ئەگەری دواکەوتنی پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم گوتی: لە یاسای بوودجەی عێراقیدا، پارەی هەرێم لەبەرامبەر وەرگرتنی گەنم دیاری کراوە و دوای وەرگرتنی گەنمەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا بەغدا بە یەکسەر پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێم ڕەوانە دەکات و دابەش دەکرێت.

دواتر ژمارەیەک لە جووتیارانی هەرێم دەربارەی وەرگرتنی گەنمەکانیان قسەیان هەبوو

مام قادر جووتیارێکی دەشتی هەولێر بوو، گوتی: نازانین بەغدا بۆچی پارەی ساڵەکانی 2014 و2015 ڕەوانە ناکات و لەوە دەترسین کە پارەی گەنمی ئەمساڵیش درەنگ بگاتە دەست جووتیاران.

کەریم محەمەد جووتیارێکی دیکەی قەزای بنەسلاوە بوو گوتی: وادیارە بۆ ئەمساڵ بڕی ئەو گەنمەی لە جووتیارانی هەرێم وەریدەگرێت زۆر کەمە، دەبووایە بەغدا ئەو بڕە گەنمە زۆر زیاتر بکات.

سالح حەسەنی جووتیاریش گووتی: نازانین بۆچی بەغدا جیاکاری لە نێوان کوردستان وشارەکانی دیکەی عێراقدا دەکات لە ڕووی وەرگرتنی گەنم و زووتر پێدانی پارە بەوان.

www.xebat.net
ژمارە (5770) 2019/6/18 ی شەممە

بەرپرسێ لقێ 9: ئەڤڕۆ چ هزرێن توندرە و نکارن تازە ب تازە ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامێ نیشا مە بدەن



ل بارەگایێ لقێ 9 سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ9 دگەل کارگێریا لقێ9 پێشوازیا مەلا عەبدوللا ئەحمەد بەرپرسێ لقا ئاکرێ یا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ و شانەدەکێ یاوەر کر، د ڕێنشتنەکێ داو ل پشتی بخێرهاتنا شاندا ناڤبری بەرپرسێ لقێ 9 ئاماژە دا گرنگیا ڕۆلێ ماموستایێن ئایینی د هوشیار کرنا جڤاکی دا ل هەمی ئالیەکێڤە و ڕۆلێ ئێکەتیا ماموستایێن ئایینی ب گشتی ل کوردستانێ و نەمازە یا ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ ل کوردستانێ ب بلند نرخاند ل هوشیارکرنا جڤاکی و هەست کرن ب بەرپرسیارەتیا ئایینی و نەتەوی ونیشتیمانی و ل بەرەڤانیکرن ل ئاخا پیرۆز کوردستانێ ل بزاڤا ڕزگاریخوازیا کوردستانێ و نەمازە ل شورشا ئیلونا مەزن و گولانا پێشکەفتنخواز دیسان ل دژی ڕێکخراوەکا تیروریستیا داعش کو جهێ داخێ یە ڤێ ڕێکخراوا داعش و لژێر پەردەیا ئایینێ پیرۆز ئیسلامی چەندین تاوانێن دژی هەمی پرەنسیپێن ئایینی و ئەخلاقی و مروڤایەتی ئەنجام دان و زیانەکا مەزن ژی گەهاندە ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامێ. دیسان بەرپرسی لقێ گوت: پێدڤی یە ئەڤڕۆ ژی ماموستایێ ئایینی ب هەمان ڕوحیەت و هەست کرن ب بەرپرسیارەتیی خەلکێ مە هوشیار بکەتن ل هزرا تۆندرەو کو ئەڤ هزرە پاشماوێن وان هزرانە کو دگەل پرەنسیپێن تەڤایا ئایینێن ئاسمانی و ئایینێ ئیسلامێ ناگونجێین و بەرژەوەندی یا گەلێ کوردستانێ ژی دا نینە چونکی مللەتێ کورد95% بوسلمانە و ئەڤڕۆ چ هزرێن تۆندرە و نکارن تازە ب تازە ئایینێ پیرۆزێ ئیسلامێ نیشا مە بدەن. لەوما فەرە ماموستایێن ئایینی ل سەر مینبەران ب ڕونی و زەلالی بەحسێ وێ هزرا تۆندرەو و ئەو زوڵم و ستەمێ ل مللەتێ کورد هاتیە کرن و ئەو خەبات و تێکوشین و قوربانیدانا گەلێ کوردستانێ کری و دایی و هیچ دەمەکێ ژی مە نەڤیایە ئەم زوڵێ ل هیچ مللەت و نەتەوەیەکێ بکەین و ب تنێ مە داخوازا مافێن خوە کری یە کو ئەڤە ژی د ئایینێ ئیسلامێ دا مافەکێ شەرعی یە. لدویماهیێ ژی شاندا ناڤبری سوپاسیا بەرپرسێ لقێ 9 کر بۆ ڤێ پیشوازیێ و خویا ژی کر کو بەرەڤانیکرن ل مافێن گەلێ کوردستانێ مافەکێ شەرعی یە وجارەکا دی پشتەڤانیا خوە بۆ چارەسەرکرن هەر ئاریشەیەکا جڤاکی لدویف شەریعەتێ ئیسلامێ دووپاتکر.



پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بۆ کێشەی پرسیارەکانی 12ی ئامادەیی دەکات

دوای ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی، دڵگرانیی خۆیان لەبارەی شێوازی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵیان ڕاگەیاند، لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی ڕەزامەندیی خۆی نیشان دا بۆ بەدواداچوونی کێشەی پرسیارەکانی ئەمساڵ. حەسیبە گەردی، ئەندامی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: لیژنەی پەروەردە لەبارەی دزەکردنی پرسیارەکانی پۆلی 12ی ئامادەیی و شێوازی هێنانەوەی پرسیارەکان لێکۆڵینەوە دەکات و ئەگەر دەرکەوت کەمتەرخی هەبێت و هەر کەسێک لەسەری ئیسپات بوو پرسیارەکانی دزیوە، سزا دەدرێت، بەداخەوە پرسی دزەکردنی پرسیاری تاقیکردنەوەکان سالانە دووبارە دەبێتەوە. ئەندامەکەی لیژنەی پەروەردە گوتیشی: بە گوێرەی بەدواداچوونی پێشتر، وەزارەتی پەروەردە ڕەتی کردۆتەوە بە هیچ شێوەیەک پرسیارەکان ئاشکرا بن و تۆمەتی بڵاووونەوەی دەنگۆی دزەکردنی پرسیارەکانیان خستۆتە پاڵ هەندێ ئەکاونتی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بۆ تێکدانی باری دەروونیی قوتابیان. گەردی ڕوونیشی کردەوە: ڕۆژانی داهاتوو ئێمە دەست بە کارەکانمان دەکەین تا بگەینە ڕاستی و دروستیی بابەتەکە، چونکە دەنگۆیەکی زۆر بڵاو بۆتەوە و باس لەوە دەکرێت پرسیارەکانی کۆتایی ساڵ دزیان کردووە و شێوازی هێنانەوەی پرسیارەکانیش بێ هەڵە نەبووە.

زاخۆ... بیرەوەریا شەهید ڕێبەر مەلا حسێن هاتە ساخکرن



ژهەژی ئاماژەپێکرنێ کو شەهید ڕێبەر مەلاحسێن ئێک ژ ئەندامێن پارتی دیموکراتی کوردستان دا وروەکی ئەکتیف هەبو دناڤ قوتابیان دا ب هەلویستێن نشتمانی ونەتەوایەتی ل هەمبەر ڕژیما بەعس ول سالا 1979ێ پاش ئەشکەنجەدانەکا دژوار دزیندانێن ڕژیمێ دئێتە شەهیدکرن.

ب ئامادەبونا هەژمارەکا مەزن ژ پێشمەرگەیێن شورەشا گولانێ و کەسایەتێن سیاسی و بەرپرسێن حزبی وحکومی ل دەڤەرا زاخو ڕێورەسمێن ڕێزگرتنا شەهید ڕێبەر مەلا حسین ژلایێ لقێ هەشت یێ پارتی دیموکراتی کوردستان ڤە هاتە ساخکرن.

بڤێ هەلکەفتنێ د. عەلی تەتەر ئەندامی سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ هەشت دپەیڤەکێ ئاماژە کرە ڕولێ شەهید ڕێبەر مەلا حسێن دناڤ ڕێکخستنێن نەتەینی یێن پارتی دیموکراتی کوردستان دا ل دەڤەرا زاخو و هەروسا بەرخودانا شەهیدێ نەمر دزیندانێن ڕژیما بەعس دا ب ئمونەیا قوربانیدانێ نیشاندا وهەر دڤان ڕێورەسمان دا پەرتوکەکا تایبەت ل دور ژیان وخەبات شەهید ڕێبەر مەلا حسێن یا کو ژلایی ڕەمەزان دەشمترە ڤە هاتی ئامادەکرن هاتە بەلاڤکرن

ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەدین ڕێز لە ژمارەیەک قوتابی و مامۆستا دەگرێت

لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین لە هۆڵی کۆچەر بیرکار، ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەدین بە ئامادەبوونی پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە مەڕاسیمێکدا، خەلاتی ئەنجوومەنەکەی بەخشییە 6 قوتابی سەرکەوتوو بە پلەی یەکەم لە پێشبڕکێی گفتوگۆی زانستی لە نێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەر لە مەڕاسیمەکەدا سەرۆکی زانکۆ سوپاس و پێزانی بەخشییە 5 مامۆستا لە پای ئەوەی ڕێنمونی و سەرپەرشتی ئەو قوتابیانەیانکردووە لە پێناو نیشاندانی توانای قوتابیانی زانکۆ و دەرخستنی توانا شاراوەکانیان. دەستپێکی مەراسیمی خەلاتکردنی ئەو قوتابیانە، سەرۆکی زانکۆ لە وتەیەکدا گوتی: دەستخۆشی لە ئێوەی قوتابی پێشەنگ دەکەم، کە بوونەتە هۆی سەربەرزی زانکۆمان و ئەو ئاستە بەرزەتان بەدەستهێناوە و توانیوتانە ئاستبەرزی زانستی لێهاتوویی قوتابیانمان نیشان بدەن و بونەتە هۆی سەربەرزی زانکۆی سەلاحەدین، هیوادارم لە وێستگەی دیکەی زانکۆیی و ژیانی تایبەتی خۆتان هەمیشە سەرکەوتنی دیکە تۆمار بکەن تا شانازییەکانتان لە لاپەڕەی میژووی زانکۆ بنووسینەوە، هەروەها دەستخۆشی لە مامۆستاکانیشکرد و سوپاس و پێزانینیی پێی بەخشین. شیاوی باسە ئەو پێشبڕکێیەیە لە نێوان 16 زانکۆی هەرێمی کوردستان لە نێو زانکۆکانی کەرتی تایبەت و حکومی بەڕێوەچووە.

هەرێمی کوردستان... وەرزی ماسی دەستپێکردەوە



دوای سێ مانگ لە قەدەغەکردنی ڕاوە ماسی لە هەرێمی کوردستان بە هۆی وەرزی گەڕادانانی ماسییەوە، ئەو وادەیە کۆتایی هاتووە و ڕاوچییەکان دەستیان بە ڕاوکردن کردۆتەوە.

سالانە لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی سێ مانگ لە قەدەغەکردنی ڕاوە ماسی لە ڕووبار و دەریاچەکانی هەرێم ڕادەگەیەنرێت.

ئەمساڵ لە ناوەڕاستی مانگی نیسان قەدەغەکردنی ڕاوە ماسی دەستپێکرد و لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا ئەو وادەیەی دیاریکرابوو بە کۆتا هات و ڕاوچییەکان دەستیان بە ڕاوی ماسی ـ دوای سێ مانگ لە قەدەغەکردنی ڕاو لە هەرێمی کوردستان بە هۆی وەرزی گەڕاداناانی ماسییەوە، ئەو وادەیە کۆتایی هاتووە و ڕاوچییەکان دەستیان بە ڕاوکردن بڕێکی زۆرتر و باشتری ماسی.

ئیدریس گوتی: دوای ئەوەی قەدەغەکردنی ڕاوی ماسی کۆتایی هات، وەک کۆمەڵێک ڕاوچی هاتینەتەوە ئەم دەریاچەیە و ئێواران تۆڕی خۆمان لە ئاوەکە دەخەین و بەیانییان زوو تۆڕەکان بەخۆیی و تۆڕەکەیەوە ڕووی لە دەریاچەکە کردووە بەهیوای دەستکەوتێکی باشتر و ڕاوکردنی بڕێکی زۆرتر و باشتری ماسی.

هەڵدەگرینەوە بەهیوای ئەوەی بڕێکی زۆر ماسی ڕاو بکەین. ئەو باس لەوە دەکات، ئەو کەسانەی سەرقاڵی ڕاوی ماسین لە دەریاچەکەدا ژمارەیەکی زۆریان پیشەی سەرەکییان ئەوەیە و بژێوی ژیانی خۆیان لەو ڕێگەیەوە دابین دەکەن، بەشێکیشیان وەک ڕێبوار دێن و حەز و خولیایان ماسی گرتنە.

سالانە لەو وادەیەی دیاریکراوە وەک ماوەی قەدەغەکردنی ڕاوە ماسی لە هەرێمی کوردستان، بەشێک لە ڕاوچییەکان بە شێوەیەکی نایاسایی بەردەوام دەبن لە ڕاوکردن، ئەوەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانە و سەرپێچیکاران ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە.

بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستانی سلێمانی، هێمن کەمەرخان پێش چەند ڕۆژێک و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە لە ساڵی ڕابردوودا 83 کەس بە هۆی ئەنجامدانی ڕاوە ماسی گیراون و ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە، هەروەها دەستیشیان بەسەر 23 بەلەم و نزیکەی هەزار تۆڕی ماسی و کەلوپەلی تری تایبەت بە ڕاوی ماسی گرتووە.

شێخان... کار بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی ئۆقەڕپاسی باعەدرێ دەکرێت

خەبات- ئالان شەهاب: قایمقامی قەزای شێخان، شێخ سەردار شێخ یەحیا بە خەباتی ڕاگەیاند: بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕووداوی هاتوچۆ و فراوانکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ، ئێستا کار لە سەر تەواوکردنی ئۆقەر پاسی باعەدرێ دەستی پێکردۆتەوە

قایمقامی قەزای شێخان گوتیشی: پڕۆژەی ستراتیژی دروستکرنی ئۆقەڕپاسی باعەدرێ و کەلەکچی و دورستکرنی سایدی دووەمی ڕێگای سەرەکی لە نێوان کۆمەلگەی چرە تا نێو سەنتەری ناحیە ڕۆڤیا لە پڕۆژە گرنگەکانن کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 بەردی بناغەی بۆ دانا بوو، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایییەوە، پڕۆژەی ئۆقەر پاسی کەلەکچی و باعەدرێ ڕاگیرا بوو. هەروەها زیاتر گوتی: دوای ئەوەی ڕەوشی دارایی باشتر بوو، گوشارمان خستە سەر هەر دوو کۆمپانیا کە ئەم دوو پڕۆژەیە دروست بکەن و لە ماوەیەکی کەم کۆتایی بە کارەکانیان بهێنن.

کاروباری خەڵک

داواکارین لە حکوومەتی هەرێم چارەیەک بۆ ئەوانەی کە نفوسیان تعداد فرعیە بدۆزێتەوە.

لەبەر ئەوەی بەرواری پاسپۆرتی کچە تەمەن 10 ساڵەکەم بەسەرچووبوو، سەردانی فەرمانگەی پاسپۆرتمان کرد، لەوێ پێیانگوتین لەبەر ئەوەی کچەکەت 10 ساڵ تەمەنیەتی، دەبێ جنسیەی عێراقی هەبێت، یان دەبێ لە فەرمانگەی نفوس (صورە قید)مان بۆ بێنن، بۆیە سەردانی فەرمانگەی نفووسی هەولێرمان کرد. پێیانگوتین جنسیە بۆ ئەوانەی دانیشتووی هەولێرن دەرنایەت، دەبێ کارتی نیشتیمانی دەربێنن. ئێمەش فۆرمی کارتی نیشتیمانیمان پڕ کردەوە و دوای ئەوەی چەند ژووریان پێکردین، پێیان گوتین: ئێوە (تەغیر سەکنە)ن، بەغدا هیچ (تەغیر سەکنەیەک) لە 2005 بەولاوە قبولّ ناکات، لەبەر ئەوەی نفوسی من لە سۆران بوو، لە 2007 گواستبوومەوە هەولێر، بۆیە پێیان گوتین حەفتەیەک دیکە سەردانی فەرمانگەکە بکەن.

دوای حەفتەیەک کە سەردانی فەرمانگەی نفوسمان کردەوە، پێیان گوتین: بڕۆن بۆ دەرهێنانی کارتی نیشتیمانی، دوای تەواوکردنی کارەکان، فۆرمەکانیان بۆ وردبینی نارد، لە وردبینی پێیان گوتین: کارەکەی ئێوە ڕاگیراوە لەبەر ئەوەی ئێوە (تعداد فەرع)ین. تەواوی ئەوانەی نفوسی (تعداد فەرعی)یان لە 1992 تا ئێستا بۆ کراوە، کاری هەموویان ڕاگیراوە و بەغدا ئیعترافی پێناکات. منیش گوتم: ئەوانە هەمووی لەسەر کوردایەتی بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاوارە بوونەوە و کە گەڕاونەتەوە کوردستان، نفوسیان بە شێوەی (تعداد فەرعی) بۆ دەرهێناون. کارمەندێکی فەرمانگەکە گوتی ئێوە کە زەوی و پارەتان وەردەگرت دەبێ لەبیری ئەو ڕۆژەش دابانە، کە واتان لێ دێ!!! گوتم: باوەڕ بکە، نە زەویم وەرگرتووە و نە پارەیان پێداوین، تەنانەت ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانیشم وەرگرتووە، کە ئاوارەییم وەکو خزمەت بۆ هەژمار بکرێت، بەڵام بۆیان هەژمار نەکردووم. ئێوە چی دەڵێن. هەرچۆنێک بێت دوای چەند ڕۆژ توانیم صورەت قیدێکی دەستی لە فەرمانگەی نفوس بۆ کچەکەم وەرگرم، بەڵام کە چوومە فەرمانگەی پاسپۆرت، ئیعترافیان پێ نەکرد و گوتیان: دەبێ صورە قیدی ئەلیکترۆنی بێت، ئەگەر نە بەغدا ڕەفزی دەکاتەوە. بڕۆ فەرمانگەی نفوس تا صورە قیدی ئەلیکترۆنی بێنیت. دیسانێ سەردانی فەرمانگەی نفوسم کرد، بەڵام گوتیان: بەهیچ شێوەیەک ناتوانین صورە قیدی ئەلیکترۆنی بە ئێوە بدەین. کارەکانی ئێوە هەمووی ڕاگیراوە.

داواکارین لە حکوومەتی هەرێم چارەیەک بۆ ئەوانەی کە نفوسیان تعداد فرعیە بدۆزێتەوە. چونکە بە پێی قسەی فەرمانگەی نفوس، ژمارەی ئەوانەی تعداد فەرعین زیاتر لە 180 هەزار خیزانە.

ئەحمەد حاجی مەولود ئەحمەد

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/6/19 ژمارە (5771)
خەبات



عیزەت عەبدولعەزیز | مستەفا خۆشناو | خەیرووللا عەبدولکەریم | محەمەد قودسی

لەبیرەوەری 72 ساڵەی شەهیدانی کۆماری کوردستان

چۆن یەکەم ساڵیادی شەهیدکردنی چوار ئەفسەرەکەی کۆماری کوردستان لە شاری سلێمانی کرایەوە؟

بابەعەلی شێخ ئەحمەد بەرزنجی:
19ی حوزەیران ساڵیادی شەهیدانی کوردستان بوو، ئێستاش کە ئەو رۆژەم بیردێتەوە گریانم دێت

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

نەتەوەی کورد خاوەنی سەدان قارەمانی گیانفیدایە کە لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەیان شەهید بوون، لە گێڕانەوەی ئەو نەبەردییانە نەوەکانی داهاتوومان ئاشنادەبن بە داستانە پڕ شکۆکانی سەرکردە و پێشمەرگەکانیان. لەم بابەتەدا باسێک سەبارەت بە شەهیدکردنی چوار ئەفسەری قارەمان دەکەین (مستەفا خۆشناو، خەیرووللا عەبدولکەریم، عزەت عەبدولعەزیز، محەمەد قودسی)کە ژیانیان پڕبەتی لە نەبەردی و نیشتمانپەروەری کە هەرگیز نەتەوەکەیان لەبیریان ناکەن. ئەو ئەفسەرانە لەگەڵ چەند ئەفسەرێک و سەدان پێشمەرگەی کوردستاندا، بەخواستی خۆیان بڕیاری ئەوەیان دابوو دوای هزری کوردایەتی لەسەر دەستی مستەفا بارزانی بکەون لەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، لە باشووری کوردستانەوە ملی ڕێگا بگرن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەمەستی هاوکاری و یارمەتیدانی براکانیان لە دامەزراندنی کۆماری دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد.

هەرچوار ئەفسەری کورد لە بەشداریکردنی کۆماری کوردستان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە بواری سەربازی و هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگیدا، بەتایبەتی لە دامەزراندنی سوپایەکی نزامی سەردەمیای پێشکەوتوو بە دیسپلینی سەربازی و پێکهێنان و دروستکردنی یەکە سەربازییەکان بەپێی ئەوشارەزایی و زانست و زانیارییە سەربازیانەی هەیان بوو کە ژمارەی ئەو ئەفسەرانەی لە باشووری کوردستانەوە دابوویانە پاڵ ئەو کۆمارە (18) ئەفسەری نزامی کورد کەلە ریزەکانی سوپای عێراق بوون، ئەو ئەرک و خزمەتە مەزنەیان هاوتەریب بوو لەگەڵ یازدە مانگ درێژەدانی حوکمی خۆبەڕێوەبردنی کورد لە کۆماری کوردستان، ڕۆڵی بەرچاو و گەرەیان گێڕا بە درێژایی ئەو ماوەیە و زۆر کاری باشیان ئەنجام دا.بەڵام پاش تێکچوونی ئەو کۆمارە ساوایە، بارزانی و زۆرێک لە جەنگاوەران ملی ڕێگای هات و نەهات دەگرنەبەر و نایانەوا خۆیان تەسلیم بە هیچ ڕژێمێکی داگیرکەری کوردستان بکەن و ڕوو لە وڵاتی سۆڤیەتی جاران دەکەن، لەو سات و کاتەدا ڕژێمی پاشایەتی عێراق لێبووردنێکی گشتی ڕاگەیاند، بەشێکی دیکەیان لە بەشدار بوانی کۆمار دەگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەداخەوە لە دادگایەکی نادادوەریدا چوار لەو (18) ئەفسەرە قارەمانانە خۆیان ڕادەستی حکوومەتی پادشایەتی عێراق دەکەن و دەرئەنجام دادگا کارەسات دەخولقاً و هەرچواریان بە سزای مەرگ، شەهید دەکرێن لە بەرواری 19/حوزەیرانی/ 1947.ئەو کارەساتە لەسەر زاری ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا ژیاون و بەشداری خۆپیشاندان و ماتەمینیەکانیان کردووە گرنگی تایبەتی هەیە، لەم ڕاپۆرتەدا مامۆستا بابا عەلی شێخ ئەحمەد بەرزنجی، باسی گرنگی ئەو ڕۆژە و یەکگرتوویی میللەتی کورد بەرامبەر ئەو کارەساتە دەکات کە خۆی بەشدار بووە، لێردا دەقی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

* سەرەتا مامۆستا بابا عەلی شێخ ئەحمەد بەرزنجی سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداریکردنی بارزانی و بارزانییەکان و ئەفسەرانی باشووری کوردستان لەو کۆمارە و ڕۆڵی ئەو چوار ئەفسەرە و شەهید بوونیانی گوتی: پاش ئەوەی بارزانی و گشت پێشمەرگەکانی لە ساڵی 1945 گەیشتنە کۆماری کوردستان کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو، بەڕابەرایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەدی نەمر، هەر پێش دروستبوون و ڕۆشتنی بارزانی کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و مامۆستا و ئەفسەری سوپای عێراق لەگەڵ جوڵانەوەی بارزان دا بوون و هاوکاری باشیان بوون پەتایبەتی بە چەک و فیشەک و پێداویستی سەربازی و زۆر شتی دیکە.

بەشێک لەو ئەفسەرانەش وەک: (مستەفا خۆشناو، خەیرووللا عەبدولکەریم، عزەت عەبدولعەزیز، محەمەد قودسی، جەلالی ئەمین بەگ، ئەمین ڕەواندزی و چەندین ئەفسەری دیکە، ئەمەش وەکو پشتگیری کۆماری کوردستان، گرنگی ئەم پالپشتیەش لەوەدا بوو کە هەر هەموو ئەو کەسە ناودار و ناسراوانە و ئەو ئەفسەرانە بەخواستی خۆیان ئەو بڕیارەیان دابوو. کاتێکیش ئەفسەرەکان لەناو لەشکری کۆماری کوردستان دەستبەکار بوون بەتایبەتی ئەو چوار ئەفسەرەی کە ناویان هاتووە کە هەرگیز درێخیان نەکردووە لەناو ریزەکانی سوپادا و لە خزمەتی کۆماری کوردستاندا بوون و بە بەردەوام بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆمارە دەجەنگان و بەرگرییان دەکرد. کاتێکیش کە سەرۆک بارزانی بیری لەوە کردەوە کە پارتێکی پێشڕەو لە کوردستانی باشوور دابمەزرێنێت، هەربۆیە خوالێخۆشبوو مامۆستا هەمزە عەبدوللای ڕاسپارد کە ناوبراو لە باڵێکی چەپی (حزبی هیوا) بوو، کە (حزبی هیوا) هەڵوەشێنرێتەوە و کاربکرێ بۆ دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشوور، بارزانیی نەمر ئەو چوار ئەفسەرەشی بۆ دەستەی دامەزراندنی پارتی ناونووس کردبوو. پاش ماندووبوونێکی زۆر مامۆستا هەمزە کاری دروستبوونی پارتی تەواو کردوو لە 16ی ئابی 1946دا، یەکەمین کۆنگرە بەسترا. پاشان بەپلانێکی نێودەوڵەتی بەتایبەت لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا، کۆماری دێموکراتی کوردستان تەنیا 11 مانگ تەمەنی بوو، ئەوەبوو پێشەوا و هاوڕێکانی (سەدر و سەیفی قازی) لە سێدارەدران و بارزانی و یاوەرانی ڕوویان کردە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، تێکۆشەرەکانی تر بەهۆی لێبووردنی میریی پاشایەتی گەڕانەوە کوردستان، ئەو پۆلە ئەفسەرەش هاتنەوە و شاری هەڵەمەت و قوربانی ناونراوبو، کە تێیدا سیخوری بۆ ڕژێمی داگیرکەر کارێکی قێزەون بوو هەموو کەس نەعلەتی لێ دەکرد و، ئێمەیش هەستی نەتەوایەتی لامان چەکەرەی کردبوو، لە کاتێکدا باوکم میواندارای مامۆستا زێوەری شاعیر و شێخ ئەحمەد شێخ غەنی بەشیعر خۆیندنەوە مەست دەبوون. لە ساڵی 1946 باوکم لە مزگەوتی گەورەی بەرزنجە بە خەڵکی وتووە وا دەوڵەتی کوردی لە مەهاباد دروستبووە کێ ئارەزووی هەیە بچێت بۆ هاوکاری، لەسەر ئەم هەڵوێستەی باوکم و هاندانی خەڵک باوکمیان دوورخستەوە بۆ قەڵادزێ، ئەمە بڵاوبووەوە لە بەرزنجە کە مامۆستا شێخ جەعفەری شێخ حوسێن ڕەزا کە پەیوەندی کردووە بە کۆماری کوردستانەوە لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد کەریم زەند و مامۆستا ئەحمەد یوسف کە زۆر مەرد و دڵسۆز بوو لە کاتی ریزی بەیانیان سرووەی (خوایە وەتەن ئاواکەی، ئەی کوردینە- ئەی مەردینە، کەس نەڵێت کورد مردووە- کورد زیندووە، سرووەی ئەی ڕەقیب) و .. هتد. هەستی لای زۆر قوتابی و لاوان پەیدا کردبوو .

بەڵام بەداخەوە کۆماری کوردستان لە مەهاباد زۆری نەخایەند نەما و بەشێک لە تێکۆشەران هاتنەوە کوردستانی عێراق و بەشێک لەگەڵ جەنابی بارزانیدا بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بەڕێکەوتن و ئامادەنەبوون خۆیان ڕادەستی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بکەن، چوار ئەفسەرەکەش لەگەڵ ئەوانەدا کە گەڕانەوە عێراق هاتنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو چوار ئەفسەرە بەر لێبوردنی گشتی نەکەوتن و دران بە دادگای سەربازی، ئەم دادگایە بەفیتی ڕژێمی پاشایەتی کە (سالح جەبر) سەرۆک وەزیران بوو فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەچوو، بۆ (مستەفا خۆشناو- خەیرووللا عەبدولکەریم- عیزەت عەبدولعەزیز- محەمەد قودسی) پاشان شەهید بوون، ئەوەبوو هەوالی لەسێدارەدانی ئەو چوار ئەفسەرە وەکو شەهیدی کوردستان و قارەمان لەناو خەڵکی دا ناسرا، خەڵکی زۆر دڵگران و نائارام بوون باری نائاسایی لە کوردستان ڕاگەینرا، پۆلیس و سەرباز و ئەمن لە شەقامەکانی ناو شاری سلێمانی دەبینران، لە هەمو مالێکدا شیوەن و گریان بوو هیچ جۆرە ڕادیۆ و تەسجیل و قەوانێک دەنگی نەما، شیوەنی شێخ و مەلا و بەگ و ئاغا لە هەموو گەڕەکەکان دەنگی دایەوە سەیران و چوون بۆ ناو باغ بۆ ماوەیەکی زۆر نەما، ئێمەش لە دەرەوەی شار بووین کە ئەو غەم و پەژارە بەهێمنی مەراسیمەکە کۆتایی هات، بەشداربووان هەموان پەیمانیان بەو 4شەهیدە دا کە لەسەر ڕێبازی ئەوان بن و بەردەوامی بەخەباتیان بدەن.

شێخ محیەدینی برا گەورەم کە قوتابی خانەی مامۆستایانی محاویل بوو ئەوانەی پێناساندین، شانازی دەکەم بۆ یەکەم ساڵیادی ئەو چوار ئەفسەرە قارەمانە بەشداریم کرد.

ئەو خۆپیشاندانە بێڕێنە بوو هەموو دانیشتوانی سلێمانی بە تەواوی کەسایەتییەکان: بەگ و ئاغا و شێخ و مەلا و شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر و دەوڵەمەند و هەژارەوە بەشداری ئەو مەراسیمەیان کرد، یەکێک نەبوو فرمێسک نەڕێژێت هەروەکو ئەوەی ئەو ڕۆژە ئەو کارەساتە ڕووبدابێت، تەنانەت ئەو کەسە کەمانەی کە سیخوری دەوڵەت بوون نزیکی ئەو ناوە نەدەکەوتن تەنانەت هەشیان بوو بەشداریشی کرد. وەک خۆم بەشداریکردنم لە یەکەمین ساڵیادی 19ی حوزەیران ڕۆژێکی مێژووییی بوو بۆ من لەناو هەستمدا شتێکی تازە ڕووبدا، لەوە گرنگتر ئەوەیە کارەساتەکەی 19ی حوزەیرانی شووم هی هەموو میللەتی کوردە ، ئەو چوار ئەفسەرە پێشمەرگەی شۆڕشێک بوون و سەر بە پارتی دێموکراتی کوردستان بوون. کارەساتەکە ئەوندە هەست هەژێن بوو، ئێستاش کە ئەو ڕۆژەم بیردێتەوە گریانم دێت. چونکە زوولمێکی ئەوندە گەورە بوو. ئەوان لاپەڕەیەکی گرنگ و پڕ سەروەریان لە مێژووی خەباتیان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کرد، کە تاهەتایە کورد شانازییان پێوەدەکات.

و هەواڵە دڵتەزێنەمان بیست، 19ی حوزەیرانمان لا ڕۆژێکی شووم بوو، مێژوو ڕیسوای ئەو ڕژێمەی کرد کە بەو کارە نامۆیە هەڵسا، ئەو چوار ئەفسەرە ئەو (عەفوە) لێخۆشبوونەیان نەگرتەوە، ئەمەش بۆ ترساندنی جەماوەری کوردستان بوو لەو کاتەدا، یەکەم کۆڕست بوو کە پارتی دێموکراتی کورد بەری کەوت، چونکە 4ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی بوون و تا ماوەیەکی زۆر ئافرەتان ڕەشپۆش بوون، هەربۆیە ساڵی 1947چووە مێژووەوە داگیرکارانی کوردستان و ڕوو ڕەشییان بۆ مایەوە شەهیدانیش هەتا هەتایە بەسەربەرزی و نەمریان بۆ مایەوە.


*** ئەی بیرەوەرییەکەی ترت چی بوو ئەوەی بۆ ساڵی داهاتوو کە یادی شەهیدان کرایەوە لە شاری سلێمانیدا؟**

ـ لێردا بیرەوەرییەکی ترتان بۆ باس دەکەم، بۆ ساڵی دوایی واتە 1948 دەنگ بڵاوبووەوە 19ی حوزەیران ساڵیادی شەهیدانی کوردستانە، گشت قوتابیانی کۆلێژەکانی بەغدا هەروەها خانەی مامۆستایانی بەغدا و بەعقوبە و محاویل دێنەوە بۆ ئەو یادە، لە شاری سلێمانیدا، منیش کە زانیم کاکم کە لە خانەی مامۆستایانی محاویلە دێتەوە باوکم ڕێگەی دام کە لە بەرزنجەوە بێمە سلێمانی و بەشداری ئەو ساڵیادە بکەم و لەگەڵ کاکم دەگەڕێمەوە، ئەوەبوو لەگەڵ کاروان ڕۆژی 18ی حوزەیران هاتمە سلێمانی بۆ ڕۆژی 19ی حوزەیران بۆ ئەو ڕۆژە مەزنە لەگەڵ ئەو هەموو قوتابییە هەموو شار هاتبوونە دەرەوە. بۆ ئەو ڕۆژە مەزنە چەندین کەسایەتی شاری کەرکووکیش هاتبوون، کە باسی ناکرێت چون شار خرۆشابوو، کات 10ی بەیانییە پەیتاپەیتا لە بەردەم قوتابخانەی (غازی)، کە ئێستا قوتابخانەی (شێخ مەحمود)ە، سەر دیوار و شەقامەکان جمەی دەهات سەید ئیبراهیم حەفید و مامە سەید عەلی شێخ ڕەئووف و شێخ بابە ڕەسوڵ و سەید نووری لەپێش جەماوەرەوە بوون، شاعیران م. ب. هەوری، هەردی، نووری شێخ ساڵح و شێخ سەلام و ئەخول و ڕەمزی مەلا مارف و عەلی بابیر ئاغا و میرزا عەبدوللا، لە قەڵادزێوە هاتبوو، ساڵح دیلان لەسەر قوتابخانە ڕاوەستابوو کە کۆمەڵێک لاوی خۆیێن گەرم لایەوە بوون. زۆربەی ئەفسەرانی حامیە بە بەرگی جیاوازەوە وەستابوون و معاونی پۆلیسەکان بە بەرگی کوردی و مەدەنییەوە بەشدار بوون کەسایەتی ناسراوی شار کاکە حەمەی ئەورەحمان ئاغا (باپیری کاک نێچیرڤان بارزانی) و





سەباح بەیتوللا



1947/6/18 گازیا ئەلندەکا گەش بۆ نەتەوا کورد

ئەز دشێم بێژم قەدەرا کورد بوویە کو بارزانیێ نەمر بێتە سەر دونیایێ داکو بەرسینگێ زوڵم و زوریێ بگریت و کورد و کوردستانێ بپاریزیت ، بارزانیێ نەمر ل کاوانەکێ دژوار هاتە سەر دونیایێ و هێشتا زاروک بوو کەفتە زیندانێ دا و تاما تەپەسەرکرنێ و زوڵم وزوریێ زانی . دەوروبەرەک کو بارزانی تێدا چاڤێت خو بە دونیایێ ڤەکرن ... دەوروبەرەک پڕ بزاف و سیاسی و دیبلوماسی و ل دەڤەرەکێ هاتە سەر دونیایێ کو ئاخەکا بهێز بوو و لەندا دادپەروەریێ و کوردایەتیێ بوو ... بێگومان ژی ئاخا بهێز و دەڤەرا بهێز مرۆڤێت مەزن و قەهرەمان و بهێز پەروەردە دکەت ... بارزانیێ نەمر کو دەست هاڤێتە خەباتێ ل سفرێ دەست پێ نەکر بەلکۆ بەروەردەیێ قوتابخانەیەکێ بوو کو چ جارا مساومە لسەر مافێ مللەتێ خۆ نەکری یە و سەر بۆ ئیرادا دوژمن و داگیرکەرا نەچەماندی یە و ناچەمینن ژی . لەوا کە ئەڤ سەرکردێ مەزن هاتە دقادا خەبات و شۆرشێ دا ب وانیێ خوگوریکرنی و فیداکاریێ و دلسوزیێ هاتبوو پەروەردە کرن ... بێگومان سەرکردێت مەزن مێژوویێ دروست دکەن و چارەنڤیسێ مللەتێ خۆ دیار دکەن و بارزانیێ نەمر ژی ئێکە ژ وان سەرکردێت مەزن کو مێژوویا مللەتێ خۆ نڤیسی و مللەتێ خۆ ژی ب دونیایێ دا ناساندن. ئەو سەرکردە و ڕێبەر و سەرۆک ژی ئەوێت هەمی ژیانا خۆ تەرخان دکەن بۆ خزمەتا مللەتێ خۆ و مرنا سەرفیراز هەلدبژێرن ل جهێ ژیانا بن دەست و هەلبەت ئەڤە جهێ ڕێزو حورمەتا گەلێ خونە ... لەوا مستەفا بارزانی سومبول و هێما و ڕێبەر و سەرۆکێ گەلێ کوردە ...بارزانیێ نەمر فەرموودەیەکا گەلەکا پیرۆزا هەیی دبێژیت : ((ل سەرکەفتنا مەغرور نەبن و ل شکەستنا بێ ئومێد نەبن ....)) ئەڤە بوو کە پشتی کومارا کوردستانێ ل مهابادێ جوانەمەرگ بوو و هەمی شورەش و سەرهلدانێت کوردا ل وی سەردەمی تویشی شکەستنێ ببوون ... ئها ل وی بارودۆخێ دژوار و هەستیار دا بارزانی دەستێ ئومێدێ بەرنەدا چونکی باوەری ب سەرکەفتنا دوزا مللەتێ خۆ هەبوو و دزانی پێنگاڤا دابنێت و هەر پێنگاڤەکا هاڤێت با ژی بۆ بەرژەوەندیا مللەتێ کورد بوو چونکی هەمی ژینا خۆ تەرخان کربوو بۆ ئازادی و ڕزگاری و سەربەستیا مللەتێ خۆ .. لەوا دشێم بێژم بارزانیێ نەمر مللەتێ کورد ل نەمانێ ڕزگار کر و حیکمەت و فەلسەفەیا بارزانی دڤێرەدایە کۆ نەبوونێ بکەتە هەبوون و شکەستنێ بکەتە سەرکەفتن و نائومێدیێ بکەتە ئومێد و مرنێ ژی بکەتە ژین. بارزانیێ نەمر داخاز ل پێشەوایی کر کو خۆ تەسلیمی داگیرکەرا نەکەت و دێ ب هەمی هێزا خۆڤە پشتەڤانیێ لێ کەت و پاریزیت ... بارزانیێ نەمر بەری ل ڕوبارێ ئاراس دەرباز ببیت شیا هەستا نەتەوایەتی ل دڤ مللەتێ کورد دروست بکەت و ل هەر چوار پارچێن کوردستانێ ڕێکخستنەکا پیلایی دروست بکەت و سیاسەتا نەتەوەیی بکەتە تیگەهێ جڤاکێ مللەتێ کورد ...

بەلێ بارزانی کورد ل نائومێدیێ ڕزگار کر لەوا بارزانی بوویە هێما و سومبول و ڕێبەرێ نەتەوا کورد و دیروکێ خویا کر کو ل 18/ 6/ 1947 بارزانی خەونێت داگیرکەرا بن ئاخ کرن. گیانێ پیرۆزێ تە وهەڤالێت تە شاد و ڕێبازا تە بەردەوام بارزانی مستەفا حەتا ئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ...



پەڕینەوە لە رووباری ئاراس، لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە میژووی کورد دا



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

یەکێک لەو داستانە میژوویانەی کە بووەتە ئەزمونێکی کەم هاوتاو هەمیشە میللەتی کورد شانازی پێوە دەکات داستانی پەڕینەوەی رابەری کورد (بارزانیی نەمر) و هەڤاڵانێتی لە روباری ئاراس بۆ ناو خاکی سۆڤیەتی پێشوو.. لەم داستانە میژوویییەدا بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی سەلماندیان هیچ کاتێک دوژمن بەسەریان زاڵ نابێت و توانییان بەو ڕێگا دوور و سەختە و برسیەتی و تینوویەتی سەرکەوتنێکی ئیجگار مەزن بۆ کورد و کوردستان تۆمار بکەن. ئەمڕۆ یادی 72 ساڵەی پەڕینەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی لە روباری ئاراس دەکەینەوە، لەو ڕێڕەو و داستانەدا کورد و پەیام هەڵگرانی ئازادیخوازی ئەم میللەتە سەلماندیان هیچ کاتێک دوژمن ناتوانێت بە سەریاندا زاڵ بێت و توانییان بەو ڕێگا سەخت و پڕ لە پیلان و پەلاماری دوژمنانەدا سەرکەوتنێکی مەزن بۆ کوردستان تۆماربکەن.

یادێکی ئەو ڕووداوە دێرۆکی و داستانە گەورەیە دەکەینەوە..

جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە کتێبی بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەنووسێت: 16/4/ 1947 لەم ڕۆژەدا دوا مالاوایی کرا، بەشی هەرە زۆری ژن و منداڵ و پیاوەکان لەگەڵ شێخ ئەحمەد گەرانەوە بۆ عێراق، پێش چوونیان بارزانی دەڵێ: زۆری تەقەڵادا ئەفسەرە عێراقییەکان بمێننەوە و نەچنەوە عێراق، چونکە ئەوان بارێکی جیاوازییان هەیە، بەڵام جگە لە میرحاج ئەحمەد و عەبدوڵڕەحمان مفتی کەسیان نەمانەوە، عزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و محەمەد مەحمود قودسی و خیرووڵا عەبدولکەریم گەڕانەوە، ڕۆژی 1947/6/19 بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو چوار شەهید بەجێ هێنرا و ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی شەهید لەکوردستان و ئەوانیش کرانە دروشمی نەمری لە میژووی کورد و کوردستاندا. لە قەزای سۆران چاومان بە هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ پڕ ببون لە فرمێسک ، بەمشێوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات هاتە ئاخەوتن، گوتی: دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە ماوەیەکی زۆری نەخایاند، ئێمە دیسان بە ماڵ و خێزان و پیرو پەککەوتەوە لە گەڵ خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزان و و بارزانیی نەمر لە 16/4/ 1947 چوینە سەرگادەر، هەرچەندە فڕۆکەکانی دوژمن ئێمەیان بۆردومان کرد، بەڵام لە گەڵی گادەر چارەسەری نادیارمان هەڵبژارد کە حکومەتی عێراقی عەفووی دا، بڕیاردا کە خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزان بە ماڵ و خێزان و پیر و پەککەوتەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و ئەوانەی توانای هەبێت لە گەڵ بارزانیی نەمر بۆ ڕێگای چارەنووس نادیار دەچن، ئێمەیان پێش سەفەرەکە کۆکردنەوە و بارزانیی نەمر بە ئێمەی فەرموو: چارەنووسی ئێمە نادیارە و زۆرفمان سەختە و نازانم لە جاران بووە کە تەمەنی لاویەتی دابووە لە کتێبی 62 ڕۆژ لەگەڵ بارزانی دا چوونی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە یادداشتەکانی دیتە سەر باسی بارزانیی نەمر لەو ڕێگایەدا و دەڵێت: لەم ڕێڕەوەدا بارزانی بەبێ جیاوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەڤاڵانی دەکرد، زۆربەی ڕێڕەوەکەمان بەشەو بووبە، بارزانی ئاگاداری ئەحوالی گشت یارانی بوو، لەکاتی ماندووبوونی هاوڕێیانی یان ئەو ساتەی کە هەستی بە مەترسی زۆر دەکرد خۆی شەو سەرکردایەتی گشتی بارزانیی نەمر خۆی بوو، کە بنکەی کەوتە گوندی ئەرگۆش، کە گوندیکی ئاوەدان بوو، توانای ئەوە هەبوو کە سەد هەتا سەدو پەنجا کەس زیاتر جێ بکاتەوەو و خواردنیش بۆ دابین بکات.

دەستەیەک کەوتنە ناو مزوریان و لە گوندەکانی میرۆز و دێزۆ دامەزران کە ئەسعەد خۆشەوی سەرپەرشتی کرد و بەهاوکاری ژمارەیەکی دی کە لە ژێر سەرپەرشتی مەڵۆ لێڕی بوون.

پاراستنی پردی بالیسان گرنگ بوو لە لای بارزانیی نەمر ئەوەی خستە سەر شانی مامەند شێروانی کە لەگەڵ ژمارەیەک لە گوندی ماوەتان بوون سەرپەرشتی کرد.

حارس بێدارونی و میرزائاغا ڕەشۆ میرگەسۆڕی سەرپەرشتی بەرەی زید بوون و هێزەکانیان لەچیای خنگیل دامەزراند.

هێزێک بە سەرپەرشتی سەعید وەلی بەگ لە ئەرگۆش لەگەڵ بارزانیی نەمربوو وجگە لەوانیش دوو دەستەی تر کە ژمارەیەک چەکدار بوون محەمەدئەمین میرخان و سالح کانیەلینجی سەرپەرشتیان دەکرد کە ئەوان لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی بارزانیی نەمر بوون .لەشکر زۆر بوو کە خواردن بە هەمووان بگات و شەو و ڕۆژێکدا دیسان لە ڕێگا بووین بە برسیایەتی بە بی خەوتن و بۆ دووم جار چووینە ناو خاکی ئێران لەو ڕێگایە فیشەک زۆر گرنگ بوو کە لە برسان بمرین نەک بی فیشەک بین و پێش بگەینە ئەو گوندانە بارزانیی نەمر ئامۆژگاری کردین و فەرمووی: نابی بە هیچ شێوەیەک خواردن بە زۆر وەربگرین و نابێ بچنە ناو باغ و بێستانەکانی ئەوان، ئێمە بە ڕێگامان دەڕۆین ئەگەر نانێک هەبوو پێکەوە دەخوین و نابێ کەس ئەزیەت بدەین.

شەهیدی فەرمانەر (حەسۆ میرخان ژاژۆکی) لەتەمەنی لاویەتی یەکێک لە هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر بۆ سۆڤیەتی دەچیتەوە بە بچێتەوە ئێمە بەردەوام دەبین و ئەوەی لەگەڵ ئێمە دەمێنێتەوە دەبێ کوشتن و برسیەتی و چەرمەسەری لە پێش خۆی دابنێ، پشت بە خوای گەورە ئەوە ئەوە ڕێگای ئێمەیە، دوایی ئێمە هەموومان بە یەک هەڵبوست هاوارمان کرد کە لەگەڵتدا دادەبین و مردنمان لە ژیان پی خۆشترە، ڕێگای مان و نەمانمان هەڵبژاردو یەک کەس لە ریزەکان نەهاتینە دەرەوەو هەموومان لەگەڵ بارزانیی نەمر بوین و ڕێگای مان و نەمانمان هەڵبژارد.

لە پیرمام چاومان بە هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام(کازم شانەدی) کەوت کە تەمەنی لاویەتی دابووە بۆ ئەو ڕێگا سەختە بەمشێوە باسی کرد:

بەراستی ئەو ڕێگا کە ئێمە پێداچووین هەروەک چۆن بارزانیی نەمر لە پێش چوونمان بۆمانی باس کربوو، ئاوا بوو، تووشی زۆر کارەسات و برسیەتی و تینوویەتی و کەمینی سەرکردایەتی گشتی بارزانیی نەمر خۆی بوو، کە بنکەی کەوتە گوندی ئەرگۆش، کە گوندیکی ئاوەدان بوو، توانای ئەوە هەبوو کە سەد هەتا سەدو پەنجا کەس زیاتر جێ بکاتەوەو و خواردنیش بۆ دابین بکات.

دەستەیەک کەوتنە ناو مزوریان و لە گوندەکانی میرۆز و دێزۆ دامەزران کە ئەسعەد خۆشەوی سەرپەرشتی کرد و بەهاوکاری ژمارەیەکی دی کە لە ژێر سەرپەرشتی مەڵۆ لێڕی بوون.

پاراستنی پردی بالیسان گرنگ بوو لە لای بارزانیی نەمر ئەوەی خستە سەر شانی مامەند شێروانی کە لەگەڵ ژمارەیەک لە گوندی ماوەتان بوون سەرپەرشتی کرد.

حارس بێدارونی و میرزائاغا ڕەشۆ میرگەسۆڕی سەرپەرشتی بەرەی زید بوون و هێزەکانیان لەچیای خنگیل دامەزراند.

هێزێک بە سەرپەرشتی سەعید وەلی بەگ لە ئەرگۆش لەگەڵ بارزانیی نەمربوو وجگە لەوانیش دوو دەستەی تر کە ژمارەیەک چەکدار بوون محەمەدئەمین میرخان و سالح کانیەلینجی سەرپەرشتیان دەکرد کە ئەوان لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی بارزانیی نەمر بوون .لەشکر زۆر بوو کە خواردن بە هەمووان بگات و شەو و ڕۆژێکدا دیسان لە ڕێگا بووین بە برسیایەتی بە بی خەوتن و بۆ دووم جار چووینە ناو خاکی ئێران لەو ڕێگایە فیشەک زۆر گرنگ بوو کە لە برسان بمرین نەک بی فیشەک بین و پێش بگەینە ئەو گوندانە بارزانیی نەمر ئامۆژگاری کردین و فەرمووی: نابی بە هیچ شێوەیەک خواردن بە زۆر وەربگرین و نابێ بچنە ناو باغ و بێستانەکانی ئەوان، ئێمە بە ڕێگامان دەڕۆین ئەگەر نانێک هەبوو پێکەوە دەخوین و نابێ کەس ئەزیەت بدەین.

شەهیدی فەرمانەر (حەسۆ میرخان ژاژۆکی) لەتەمەنی لاویەتی یەکێک لە هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر بۆ سۆڤیەتی





یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام(میرۆ چیچۆ چاوشین بێدارونی) کەوت ئەویش یەکێک لەو هەڤاڵانە بوو کە چووتە خاکی سۆڤیەت، کە باسی ئەو ڕێڕەوە میژوورییەکەی دەکرد چاوەکانی بڕسان دەمرین و یا لە سەرمان دوژمن بووین، دوایی لە ناوچەی مزوریان بارزانیی نەمر کە شارەزاییەکی باشی هەبوو هێزەکانی ڕێکخستەوەو بە چەند بەرەیەک دابەشی کردین، بەم شێوەیە:

1958 لە عێراق، لە 16/4/ 1959 بە خاکی کوردستان شادبووینەوە، بە هەمان ڕۆحیەتەوە بەشداریان لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کرد بۆ کوردستانێکی ئازاد.

شەهیدی سەرکردەی (شەوکەت شێخ یەزدین) لە وتارێک لە ژێر ناونیشانی بارزانیی نەمر و کۆماری کوردستان سەبارەت بە ئەو داستانە دەڵێت: لە ڕۆژی 17ی حوزەیراندا بەشی یەکەمی بارزانییەکان لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە و پەنایان بۆ سۆڤیەت برد و ڕۆژی پاشتریش واتە 18ی حوزەیران بارزانی بە خۆی و پاشماوەی هەڤاڵەکانی پەڕینەوە و کۆتاییان بە ڕێپێوانی بە ناوبانگی 350کم هێنا ، بەمەش جوانترین لاپەڕە قارەمانێتیان نەک لە میژووی گەلی کورد بگرە لە میژووی تێکرای گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تۆمار کرد، لەو ڕۆژە بە پاشەوە وشەی (ئاراس) و(ناوی ئاراس) بوون بە وشەی سەر زاری هەموو دانیشتوانی کوردستان و ئاراس بەهەزاران ناوی لێکەوتەوە. هەر بە گەیشتینی بارزانی و هەڤاڵانی بۆ سۆڤیەتی لە 1947/6/19 حکوومەتی عێراق هەر چوار ئەفسەرەکەی لە سێدارەدا، گەیشتنی بارزانی و هاوڕێیەکانی بووە جێگای باسکردنی بەشێکی زۆر لە میدیاکانی جیهانی، ئیدی لەو ڕۆژەوە ناوی ئاراس کوردستاندا لە هەموو ناوبانگتر بوو، بەهەزاران کەس منداڵەکانی خۆیان ناولێنا ئاراس، شەهیدانی 19ی حوزەیران نمونەی بالان وە ئەم چوار شەهیدە کە هاویار و هاوکاری بارزانیی نەمر بوون لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، توانیان ڕۆڵی خۆیان لەم کۆمارە ساوایە بگێڕن و نمونەی مرۆڤی شۆڕشگێر و خۆڕاگر بن، لەشەڕەکانی بەرگری کردن لە کۆماردا هاوشانی پێشمەرگەکانی بارزانیی نەمر و بەرگری و قارەمانییەتیان نواندووە وەکو کەسایەتی ڕۆشنبیر و شارەزا لە بواری سەربازی ئەرکی خۆیان بە دەبی بارزانیی نەمر بە خۆی بێت و کۆبوونەوەیان لە گەڵیان بکات، هەرچەندە بارزانیی نەمر ئەو داوایەی قبول نەکرد، چونکە ئێمە هەموومان ئەوەستەمان دەکرد ئەگەر بارزانیی نەمر بڕوات کەسی تر ئێمە وەرناگیرێن و ڕێگایە نادەن کە بارزانیی نەمر وەک جاران بێتەوە ناومان. بەم جۆرە بەرەو دوا کێشایەنەوە بۆ کۆنە گوندیکی کە نزیک سنوور بوو و کەس لەو گوندە نەمابوو، سێ شەو ڕۆژ ماینەوە بە بێ ئەوەی هیچ بیخۆێن و هەتا هیچ شتێکمان بە دەست نەکەوت، هێزەکانی دوژمنیش نزیک دەبوونەوە شەو ڕۆژ چاوەڕوانی وەڵام دانەوەی سۆڤیەت بووین رازی بن بچینە ناو خاکیان هەر دەیانگوت ئەمڕۆ یان سبەی ، میرحاج بۆسێیەم جار بوو بۆ وەرگرتنی پەنابەری لە دەوڵەتی سۆڤیەت ڕۆیشتبوو و دوای گەڕانەوە هەوالی وەرگرتنی بە بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی ڕاگەیاند و گوتی کە ئەم هەواڵە لە خۆدی ستالین وە لە مۆسکۆ دراوە، هەروەها گوتی: بە پێی پێداویستییەکانی پێویست بۆ پەڕینەوەوە لە ڕووباری ئاراس دەبی خۆمان دەرباز بکەین، چونکە لە لای ئەوان هیچ پێداویستییەک ئامادە نەکراوە و سێیەم ڕۆژە هەوالی پەڕینەوەمان پێگەیشت، هەر ئەو ڕۆژە بڕیار درا کە هەریەک لە هەڤاڵان چەند داری گەورە لە گەڵ خۆیان بەرن و بە یانی 1947/6/18 دوای سێ ڕۆ ژ چاوەڕانی بڕیاری پەڕینەوەمان دا و گەیشتینە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت ، بارزانیی نەمر ئاخرین کەس لەگەڵ چەندین هەڤاڵ پەڕینەوە بۆ خاکی سۆڤیەت. بەر لە پەڕینەوەش بارزانیی نەمر هەموو ئەو کەسانەی وەک شارەزا و ڕێنماییان لەگەڵماندا هاتبوون خەڵات کرد و بەڕێزەوە ناردنیانەوە، تەنها مام میرزا نەبێ کە ڕوو لە بارزانیی نەمر کرد و گووتی: (خاکی کوردستان بە بێ تو لە من حەرام بێ؟(ئەویش لەگەڵمان پەڕییەوە بۆ ناو ڕوسیا.. دوای چوونمان بۆ ناو خاکی سۆڤیەت ئێمە هەموو زۆر تووڕە بوو و جارێکی تر ئامۆژگاری پێشمەرگەکانی کرد و فەرمووی: با لە برسان بمرین نەک بێ فیشەک بین.

لە بارەی ڕێگایەکە و چەرمەسەری ناخۆشیەکان، پەڕینەوەیان لە ڕووباری ئاراس بۆ سەرفرازی دا مام (میرو بێدارونی) هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەمشێوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دا گوتی: بەراستی بارزانیی نەمر بە ئەو بیروباوەڕەیی کە تەنها بۆ ڕزگاری کوردستان بوو هەروەها دەنگی کورد بە دونیا بناسێنێت کە کورد میللەتێکی مرۆڤ دۆستە و نابی ستەمی لێ بکرێت، بارزانیی نەمر هیچ کاتێک خۆی لە ئێمە دوور نەدەکرد و بە بێ جیاواز بوو و دەیفەرموو: پشت بە خوای گەورە ئێمە ئەم ڕێگا دوور و سەخت و دژوارە هەڵدەبژین لەپێناو کوردستان، بۆیە ئێمە هەموو کاتێک لە ژێر ئامۆژگارییەکانی بارزانیی نەمر بووین بۆ داهاتوویەکی گەش و دوارۆژ، هەر چۆنێک بوو دوای ئەو هەموو سەختیە و ناخۆشیە و کەمینی دوژمنان و برسیەتییە لە 15/ 6/ 1947 گەیشتینە ڕووباری ئاراس.ئەو ڕووبارە لە نێوان سنووری ئێران و ڕوسیا (یەکێتی سۆڤیەت) بوو، کە گەیشینە ئەوێ بارزانیی نەمر میرحاج ئاکرەیی بە نوێنەرایەتی خۆی نارد ئەوبەری تاکو گەڵ بەرپرسەکانی ڕووسیا کۆبێتەوە و داوا بکات کە ئێمەبە پەناهەندە وەربگرن، هەرچەندە سەرەتا ئێمەیان وەرنەگرت، ئەوان بەرپرسانە وەڵامیان هێنابوو کە پاسەوانی دەکرد، بارزانی هیچ کاتێک نانی لا تەواو نەدەبوو، ئەگەر نانیش نەبایە بڕیشکە گەنمی لای خۆی هەڵدەگرت، گەرچی بەشی خۆراکی ئەوەیش تەنیا بە قەد ئێمە بوو، بەڵام لە خواردنی خۆی دەبڕی وڵەکاتی برسیەتی بە هاوڕێیانی دەدا، بۆیە دەمانزانی ئەگەر یەکێک لە برسان تینی ڕۆشتنی نەمابا و کەسیش هیچی بۆ خواردن لانەمابا دەیانگۆت بڕۆنە لای بارزانی.(بارزانی) لەم ڕێڕەوەدا بە بێ جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەڤاڵانی دەکرد ئەمانەش یەکێک بوو لە سیفاتی تایبەتی بارزانی، هەر ئەو سیفاتەشی بوو کە توانی ئەم ڕێگەیە دوورودرێژە لە ناو چەندین دوژمنی بە خوێن تینوو ببڕێت بەبێ ئەوەی تەنانەتی یەک کەسیشی لێ دڵگەران بێت. لەکاتی چوونمان لە ڕێگادا پێشمەرگەیەک زۆر برسی بوو کە تەحمولی نەکرد بوو وە فیشەکیان گۆڕیبوو بەنان و خورما کە بارزانی بەوەی زانی هەڤاڵانی بارزانیی نەمر پەرش و بڵاوی ناوچەکان و گوندەکان کراین، هەرچەندە ئێمە شارەزایی باشمان نەبوو لەم وڵاتەدا، وەزعی ئابووری ڕوسیا زۆر ناخۆش بوو، لەو گوندانەی کە دابەش کراینە سەریان دەبووا بە خۆمان ئیش و کار بکەین تاکو لە برسان نەمرین، 3سالی یەکەم وەزع زۆر خراپ بوو تەنانەت بارزانیی نەمر لە ئێمە دوور خرابوو، بارزانیی نەمر لە سۆڤیەت هەمیشە بەردەوام بەدوای مافەکانی گەلی کوردستانەوە بووە، بارزانیی نەمر لەوێشدا بە بەرپرسانی سۆڤیەت گوت: ئێمە هاتووین بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی دەنگی میللەتی زۆر لێکراوی کوردستان بگەینێ بە میللەتی ئێوە و نەهاتووینە ئێرە ئیش و کار بکەین، بەڵام دواتر بە هەوڵ وتەقەڵای بارزانیی نەمر کۆکرایەوە و کەوتینە بەرخۆێندن و من بروانامەی کشتوکاڵیم وەرگرت و دوای 12 ساڵا ئاوارەیی لە دوای شۆڕشی جێگەیاندووە و تەمەنی خۆیان لەبەردنگاری بەسەر برد، لە ئاکامیشدا هەرلە پێناوەدا گیانیان سپارد، وچوونە بەر پەتی سێدارە و گیانیان لە پێناو کورد و دۆزی کورد کردە قوربانی، ڕۆژی 1947/6/18یش دەچێتە پاڵ ئەو یادە پڕ سەروەریانی میللەتی کورد کە دەبێ هەموو ساڵێک بەشکۆداریەوە یادی بکرێتەوە، چونکە لەم ڕۆژەدا پەیمانی مان و بەردەوام بوونی خەباتی کورد تازە بووەوە بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد.

لەکۆتاییدت شکۆدار بێت یادی 72 ساڵەی داستانی پەڕینەوەی ڕابەری کورد (بارزانیی نەمر) و هەڤاڵانێتی لە ڕوباری ئاراس بۆ ناو خاکی سۆڤیەتی پێشوو، هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەم چوار ئەفسەرە شەهیدە و گشت شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و سەرقافلەیان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد.

وون بوون
پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٦٠٢٥٨٣ بەروار لە ٢٠١٤/٢/٢٥ بەبری ١٦٩١٠٠٠ بەناوی عطیە یاسین مولود وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی: یوسف اسماعیل درویش جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات ژمارەی لاشە (شاسی): SKBS39B30TAKE2599 وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانی لقی هەولێر بەناوی سرمند علی احمد وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٢ ژمارەی پسوولە ٦٤٥٠٩٤ لە بەرواری ٢٠١٧/٢/٦ بەبری ٢٥٠٠٠٠ دینار بەناوی مصطفی میرخان مصطفی وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٢ ژمارەی پسوولە ٦٤٥٠٩٤ لە بەرواری ٢٠١٧/٢/٦ بەبری ٢٥٠٠٠٠ دینار بەناوی مصطفی میرخان مصطفی وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە هبە جۆری ئۆتۆمبێل: حفارة زنجیرە دایو مۆدێل: ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٨٢١٢٤ کاتی ژمارەی شاسی: SHNHELWOL٤٠٠٠١٦٦٤ وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
محکمة احوال الشخصیة فی بیرمکرون
ژمارەی داوا :٤٢/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٩
اعلان
المدعیة/ هدی هادی عبدالله/ طوز خورماتو
وکیلها المحامی (احمد حمید محمود)
المدعی علیه/ ابراهیم فخری عبدالسلام/ مجهول محل الاقامة
اقامت زوجتك المدعیة (هدی هادی عبدالله) الدعوی المرقمة (٤٢/ش/٢٠١٩) طالبة التفریق للهجر و بتاریخ (٢٠١٩/٥/٢٩) قررت هذه المحکمة التفریق للهجر بینکما و لمجهولیة محل اقامتك تقرر تبلیغك بالقرار الغیابی عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین للحضور بنفسك او من ینوب عنك قانونا للطعن بالقرار ضمن المدة القانونیة و الا یکتسب القرار الحکم الغیابی الدرجة القطعیة وفق الاصول.
القاضی/ شنو محمود علی
***
محکمة تحقیق الشمال
اعلان
الی المفقود : سمیر کاسو درویش
قدم السید / کاسو درویش مراد طلبا الی هذه المحکمة حول فقدانکم بتاریخ ٢٠١٩/١/٣٠ ولمجهولیة محل اقامتکم تقرر تبلیغکم بواسطة صحیفتین محلیتین ولکم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون یوما من تاریخ النشر وفي حالة عدم حضورکم سیتم اتخاذ الاجراءات القانونیة وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:٥٠٥/ش/٢٠١٨
جارِدان
بۆ داوالێکراو (صبیح هاشم مهودر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئەم دادگایە بڕیاری دا لە رۆژی ٢٠١٩/٢/١٨ لە داوای ژمارە ٥٠٥/ش/٢٠١٨ بە (پێدانی بژێوی عدە بۆ داواکار) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سنووری (گەرەکی نێرگز/هەولێر) بڕیە دادگا بڕیاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆش مافی پێداچوونەوەو نارەزاییت هەیە لەماوەی یاسایی دا وە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٨
ڕێکەوت/٢٠١٩/٦/١٨
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەلاح الدین مولکی ژمارە ١٨/٧٩٠١ ك ٩ صلاح الدین کە کەوتوەتە سەلاح الدین دەفرۆشێت, خاوەنکەی قەرزار شوان محمود شوان کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی باسم خورشید محمود بەبڕی/ ٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / لاوژە محمد باقی
١ – شوێن و ژمارەی/ ١٨/٧٩٠١ ك ٩ صلاح الدین
٢ – ڕەگەزو جۆری/ خانوو و زەوی
٣ – سنوورو ئاگاداری/ سەلاح الدین/ ماموستایان
٤ – پێکهاتەکەی/ خانوەکە پێك هاتووە لەژێر زەمین و دوو ژوور و هۆل و گەرماو ئاودەست و یەك ژوورو هۆل و چێشتخانە و گەرما و ئاودەست لە نهۆمی سەرەوە چوار ژوورو هۆل و گەرماو لە نهۆمی دووەم.
٥ – ڕووبەرەکەی/٥ ئولك ٣٨,٠٧ مەتر
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ زەوی و خانوو
٧- نیشتەجێکەی/ وارسەکانی قەرزار تێدا نیشتەجێ
٨ – نرخی قرساو/ ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەد ملیۆن دینار.
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ٢٣٧/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢
جاردان
بۆ داوالێکراو/ الینه منصور ادم
داواکار/ ایڤل بولص عبدالاحد
داواکار داوای بەرایی ژمارە (٢٣٧/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیادیا داوای جیابوونەوە (تصدیق طلاق) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (شەقلاوە) بەپێی مادەی (٢١ برگە ١) لەیاسای دادبینی شارستانی بۆیە پێت رادەگەیەنین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١٠ ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەر/ رشاد خالد عمر
***
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ١٠٦٤٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٨
ئاگاداری ژمارە (٨)ی ٢٠١٩
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پڕۆژەی (دروستکردنی بەشی ئالیات و نۆژەنکردنەوەی بەشی کرێ و بارهەڵگر بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٣ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- فرۆشتنی تەندەر بەبری (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دیناری کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٢- کۆمپانیای دەبێت تایبەت مەند بێت بە بۆیاغ و هێماکانی ئەندازەی هاتوچۆ.
٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ
***
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ١٠٦٤٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٨
ئاگاداری ژمارە (٢)ی ٢٠١٩ (بۆ جاری دووەم)
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پڕۆژەی (کڕینی پێداویستی (D.N.A) بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی هەرێم) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- فرۆشتنی تەندەر بەبری (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٢- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ
***
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ١٠٦٤٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٨
ئاگاداری ژمارە (٢)ی ٢٠١٩ (بۆ جاری دووەم)
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پڕۆژەی (کڕینی پێداویستی (D.N.A) بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی هەرێم) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- فرۆشتنی تەندەر بەبری (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دیناری کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٢- کۆمپانیای دەبێت تایبەت مەند بێت لە بواری بیناسازی.
٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٢
ژمارە:٣٢/ش/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٥
ئاگانامە
داواکار / ژیلا فیصل فائق ناونیشان: سلێمانی
داوالەسەرکراو/ کاظم أنور حمەرحیم
ناونیشان : نادیارە
داواکار (ژیلا فیصل فائق) داوایەکی بەژمارە (٣٢/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت وە ئەم دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لە بەرواری (٢٠١٩/٢/٢٤) بەپێدانی بژێوی بە داواکار و منداڵەکەی، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاسایدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانی پیاچونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ د.طه عمر رشید
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ١٠٣٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦
ئاگانامە
داواکار/ تاڤگە نوری محمد ناونیشان : سەروەری
داوالەسەرکراو/ سەرکەوت عمر محمد ناونیشان : سلێمانی / عقاری
داواکار (تاڤگە نوری محمد) داوایەکی بە ژمارە (١٠٣٦/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت وە ئەم دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/٤/٢) بڕیاریدا بە پەسەند کردنی تەڵاقی خلعی ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاسایدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانی پیاچونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ د.سردار علی عزیز
***
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان
من پارێزەر (زانیار کەال عبدالله) کە بەپێی کۆنوسی (کۆمپانیای ڕوناکی ژین بۆبازرگانی گشتی /سنوردار) کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٨ دا بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا. ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکار
پارێزەر / زانیار کەال عبدالله
٠٧٧٠١٥٠٩٥١٥
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە: ٦٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٤
جارِدان
بۆ داوالێکراو: أنور إبراهیم رسول
نامازە بە داوای ژمارە (٦٣/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (سعادت احمد رسول) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٣ بڕیاریدا بە (تفریق) لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بە ناوی (سعادت احمد رسول) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی نوسراوی بنکەی پۆلیسی رزگاری بڕیاردرا بەپێ ڕاگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوەو نارەزاییت هەیە لەماوەی (١٠) ڕۆژ لە پێ ڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.
دادوەر/مسعود سعید صدیق
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێڕیا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١٠٥٦
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٦/١٦
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێڕیا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکردنا خارنێ ئاماده بو قوتابیێن خانیێ چاڤدێریا (کورا و کچان) و (ئافرەتێن سەنتەرێ نەوا) و داینگەها پشکوژێن کوردستانێ میری داینگەها ڕێڤەبەریا تورا پارستنا جڤاکی نیمچە میری (زاروك و خزمەتکار و لێنەر و دادوکا لدیف پەیرەوێ خانیێ داینگەها ژمارە (٧ ل ٢٠١٣) و هەمی سودمەندیێن خانیێ دانعەمران و دگەل فەرمانبەرێن نوبەدار ل ڤان جهێن ئاماژە پێ کری) (١٨) CODE بهایێ تەندەری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند د بواریّ خوارنێ دا.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٦/٢٧.
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕوژ (ئیك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/٦/٣٠)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریّ دهوکێ
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٣٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٦/١٨
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو:- لەسەر داوای بریکاری هاوولاتی (محمد نجم الدین قادر) پارێزەر (نجم الدین عزیز شیخە) کە لەداواکاریەکەی داهاتووە لە بەروارى ٢٠١٩/٥/٢٠ داوا دەکات ڕاستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (زاری محمد محمل یونس) بۆ (زاری محمد مولود) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١) (٢) (٥) (٩) (١٠) (١١) کەرتی ٢٤/گەرودلالان, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکەن لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٣) کارەکەمان ئەنجام دەدەین بەمەبەستی ڕاستکرنەوەی ناو تایبەت بەم پارچە زەویانەی سەرەوە.
سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود
***
سەروکاتیا باژێرڤانییا بوزان
کارگیری و خۆیەتی
ژمارە: ٤٦/٤٦/٣٤٥ / ٩٠
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٦/١٧
بو/ هانی نمر مراد
ترساندن
ژبەر هێلانا تە کارێ خو ل روژا ٢٠١٩/٦/١٦ بێ ئەگەر ئاگەهداریا تە دکەین کو دەست بکارێ خۆ بکەیی ژ روژا بێیە ئاگەهدارکرن ب ترساندنا مە بو دەمێ (٧) هەفت روژا ئەگەر تو ل سنورێ هەرێمێ بی و ئەگەر دەڤڕەی سنورێ هەرێمێ بی بو دەمێ (٣٠) روژا بەروڤاژی دێ هێتە دەست کێشان ژ کاری ل دویڤ برگا (١) ژ بەندێن (٣٧) ژ قانونا ژمارە ٢٤ سالا ١٩٦٠ یێ ڕاستکری بوزانین.
تێبینەر/ الیاس علی عرب
سەرۆکێ باژێرڤانییا بوزان ب وەکالەت
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٩٠٨/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٣٠
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: پشتیوان علی فتاح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٥٤٦/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٣٠
بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو: فرمان مشیر احمد و ئاسۆ اسماعیل عمر و قەندیل کاکە عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی مادەی (٢) لەیاسای موبایل لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆت بگەینە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٣٢٠/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: فرهات صالح ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) لەیاسای موبایل لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٩٥٥/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: صباح حسین حمەخان
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣٣١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دەستپاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادوەر / ابوبکر مولود عبدالله
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٤٧٨/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٣٠
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: بژار علاءالدین محمود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢١٥٢/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/١٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد عثمان عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٨٨٨/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد طاهر کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمە سور
***
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ١٤٧/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: مروان نجم عولا شیخە
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادانی عیراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دوکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمە سور
***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢٦٥/ج/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نەبەز محمد احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٨٤/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شۆرش عبدالله مارف
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٤) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سیدصادق) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای باری کەسی چەمچەمال
ژمارە: ٦٤٤/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/١٧
ئاگاداری
داواکار شنۆ عزیز عبدالرحمن
داواليكراو: هەرێم قابیل حمەرشید کە ئێستا ناو ناونیشانت نادیارە داواکار (شنۆ عزیز عبدالرحمن) داوایەکی بەژمارە (٦٤٤/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت و ئەم دادگایە بریاری خۆی دەرکرد لەبەروواری (٢٠١٩/٦/١٠) بە (قەرەبووی تەڵاقی بەناحەق) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارت بکاتەوە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە ئەگەر لە ماوەیی هەڵنەسیت بەتانە لێدانی یان پێداچوونەوەی بریارەکە کە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەحەقت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عمر صالح صدیق
* * *
بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست
بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤٢
رێکەوت: ٢٠١٨/٥/٨
ئاگاداری
لەسەر داوای بریکاری هاوواڵتی (عاصمە احمد ابراهیم) پارێزەر (نجم الدین عزیز شیخە) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:- لە (مریم احمد) بۆ (مریم احمد خانە) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٩ ، ١٣ ، ٢٨ ، ٢٩ ، ٣٠ ، ٣١ ، ٣٢ ، ٣٤ ، ٣٥ ، ٤٦) کەرتی ١٥١/دوشیوان, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێک بۆ هەرڵستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگاداریەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٦/١١
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (دیار حوێز عبدالله) لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (سێنارە/ رێگای کرکوک) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمەو و کەلوپەلەوەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قەرنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- مۆلیدەی کارەبایی پێرکنس بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٢١١.
٢- مۆلیدەی کارەبایی سکانیا بێ ژمارە دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٥٠٠.
٣- دوو کووڕەی گەرم کردنی قیر بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 25*K.W٢ ژووری سیطرە
٤- دوو چلەری سێ پانکەیی بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 20*K.W٢ دوو فلتەری
٥- هەشت فلتەری تصفیە کردنی قیر بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 20*K.W٢ چوار چواری
٦- چوار فاکیۆنی دەفعی هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 20*K.W٤
٧- ١٤ خەزانی خەزنی بەرهەم ٢٥ هەزار لتری بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 2*K.W١٤.
٨- سێ خەزانی خەزنی قیر ١٠٠٠+١٠٠٠+٢٥٠٠ طەنی بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 45*K.W٣.
٩- دوو خەزانی خەزنی ئاوی فاکیۆم بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 5/ 10000 *٢ K.W٢ لتری
١٠- دوو خەزانی خەزنی موادی پیس بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 7,5.K.W ٦٠,٠٠٠ * ٢ لتری
١١- سێ خەزانی خەزنی موادی پیس بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 10*K.W٣ / ٢٥٠,٠٠٠ * ٣ لتری
١٢- دوو خەزانی موادی پیس بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 10*K.W٢ ١٠٠,٠٠٠ * ٢ لتری
١٣- دوو خەزانی خەزنی موادی خام بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 20*K.W٢ ٢٥٠,٠٠٠ * ٢ K.W لتری
١٤- یازدە دانە خەزانی خەزنی موادی خام بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 5*K.W١٥ ١٠٠,٠٠٠ * ١٥ لتری.
* * *
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٩٣٩/٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
جاردان
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی پشکی هاوواڵتی (دلشاد ابراهیم رسول) لە مولکی ژمارە (٤٣/١٢١٢ ك ٤٤ وارش) لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا لە جیاتی بڕی پارەی قەرز کە تەواوی پشکی هاوواڵتی مولکەکە خەملێنراوە بە بڕی پارەی (٨٥,٠٠٠,٠٠٠) هەشتاو پێنج ملیون دینار وە تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەرکەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە باسەردانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە زیادکردنە
* کڕیار دەبێت رەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪) خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنی رسوماتی تۆمارکردنی لەسەر کڕیارە.
* ناوی خاوەن قەرز (مصرف شرق الاوسط العراقی الاستثمار)
* ناوی خاوەن مولك قەرز (رزگار توفیق سیف الدین)
* ژمارەی مولك (١٨/٩٢٤٨) کەرتی (٩ صلاح الدین)
* شوێنی مولك (فەرەنسی)
* ڕووبەری مولك (٣,٢٦,١٢) م٢
* جۆری مولك (مولکی تەواو)
پێکهاتووە لە (٩) ژوور، هۆڵ و مطبخ و حمام و توالیت لە دوو نهۆم پێکهاتووە.
سفین جیهاد عمر/ تێبینەری سەلاحەددین
* * *
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەدین
ژمارە/ ٤٦١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١١
جاردان دووەم
تێبینەرانی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەددین هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی پشکی هاوواڵتی (ناز فراموس صالح) مولکی ژمارە (١٨/٥٤٩٧) کەرتی (٩ صلاح الدین) لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی بڕی پارەی قەرز کە تەواوی پشکەکە خەملێنراوە بە بڕی پارەی (١٦٧,٠٠٠,٠٠٠) سەدو شەست و حەوت ملیۆن دینار، تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە باسەردانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) رۆژ، لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە زیادکردنەکە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ، لەگەڵ ڕێزماندا..
تێبینی/
* کڕیار دەبێت رەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪) خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنی رسوماتی تۆمارکردنی لەسەر کڕیارە.
* ناوی خاوەن قەرز (مصرف شرق الاوسط العراقی الاستثمار)
* ناوی خاوەن مولك قەرز (رزگار توفیق سیف الدین)
* ژمارەی مولك (١٨/٩٢٤٨) کەرتی (٩ صلاح الدین)
* شوێنی مولك (فەرەنسی)
* ڕووبەری مولك (٣,٢٦,١٢) م٢
* جۆری مولك (مولکی تەواو)
پێکهاتووە لە (٩) ژوور، هۆڵ و مطبخ و حمام و توالیت لە دوو نهۆم پێکهاتووە.
سفین جیهاد عمر/ تێبینەری سەلاحەددین
* * *
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەدین
ژمارە/ ٤٦١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١١
جاردان دووەم
تێبینەرانی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەددین هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی پشکی هاوواڵتی (ناز فراموس صالح) مولکی ژمارە (١٨/٥٤٩٧) کەرتی (٩ صلاح الدین) لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی بڕی پارەی قەرز کە تەواوی پشکەکە خەملێنراوە بە بڕی پارەی (١٦٧,٠٠٠,٠٠٠) سەدو شەست و حەوت ملیۆن دینار، تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە باسەردانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) رۆژ، لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە زیادکردنەکە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ، لەگەڵ ڕێزماندا..
تێبینی/
* کڕیار دەبێت رەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪) خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنی رسوماتی تۆمارکردنی لەسەر کڕیارە.
* ناوی خاوەن قەرز (مصرف شرق الاوسط العراقی الاستثمار)
* ناوی خاوەن مولك قەرز (رزگار توفیق سیف الدین)
* ژمارەی مولك (١٨/٩٢٤٨) کەرتی (٩ صلاح الدین)
* شوێنی مولك (پیرمام)
* ڕووبەری مولك (٥,٩٣,٦٢) م٢
* جۆری مولك (مولکی تەواو)
پێکهاتووە لە (٣) ژوور و هۆڵ و مطبخ و حمام و توالیت لە خوارەوە ٣ ژووڕو هۆڵ و مطبخ و حمام و توالێت سەرەوە لە بلۆك کۆنکریت پێکهاتووە.
سفین جیهاد عمر/ تێبینەری سەلاحەددین
* * *
دادگەها مادەکان دهوك
ژمارە/ ١٨ /مواد/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٨/ ٥/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (سیڤی حسین موسی) ل دیف داخازیا داخازکار (فلاح حسن عیسی علی) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار تێدا داخازا (تصدیق طلاق خارجی) وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەربژارێ تاخێ باعەدری تاخی شنگالیا ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا نامادە بی ل دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/٦/٢٦ یان بریکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگا تە پا شملی هێتە کرن
دادوەر/ شکر سلطان عدو
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٩٧/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ١٧/٦/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (طه یونس سلمان) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار بۆ تە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێك جودابوون(التفریق) ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (استبرق خالد عبدالله) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر وەدستەکا قەزا سێمێلێ کومەلگەها ئەڤرو ستی ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (JARDIN SERVICES) بۆ بازرگانی گشتی و کاروباری کشتوکاڵی باخچە) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (JARDIN SERVICES) بۆ کۆمپانیای (JARDIN SERVICES)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (SIMCAR PLASTIK) بۆ بازرگانی کەل و پەلی و پێداویستی کشتوکال و ئاودێری پلاستیکی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ عماد شوکت عساف
ناونیشان/ هەولێر- گەرەکی اسکان
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٨٩٠٦٦٠٨

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٧٤٦٦
بەروار: ٢٠١٨/١٠/٣١
داخستنی لقی کۆمپانیای (بەغدا)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (مجموعة دار البناء للتجارة العامة و الاجهزة الطبیة و الوکالات التجاریة/ المحدودة) لە (بەغدا) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لە یاسایی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بەداخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە و سرینەوەی لە تۆمارەکانمان، بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی ١٦٠ لە یاسایی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (S. براڤی) یا (بازرگانیا گشتی/ ئینان وبرن / سنۆوردار) بریارا گهورینا (ناڤی کومپانیێ) دایە ژ کومپانیا (S. براڤی) یا (بازرگانیا گشتی / ئینان وبرن / سنۆوردار) بۆ کومپانیا (براڤی) یا (بازرگانیا گشتی/ ئینان وبرن / سنۆوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا رێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك



مایک پۆمپیۆ :
سەرباری ئەوەی نامانەوێت بچینە جەنگەوە ، بەڵام بژاردەی سەربازیش لە ئارادایە





ڕاپۆرتە هەواڵ: عەبدولقادر کەڵهۆر

وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دیمانەیەکی لەگەڵ کەناڵی سی بی ئێس گوتی، لە هەمبەر بارگرژییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموو بژاردەیەکمان لەبەر دەستە، لەنێوانیشیاندا بژاردەی سەربازی گوتیشی: سەرباری هەموو ئەوانە دۆناڵد ترامپ چەند جارێک دووپاتیکردووەتەوە کە ئەمەریکا نایەوێت بچێتە جەنگەوە .پۆمپیۆ لە دیمانەکەدا ڕوونیکردەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، چەند بژاردە لە هەمبەر ئەو پرسەوە تاوتۆ دەکات ، چەند جارێکیش ئەو بژاردانەمان لە هەمبەر پرسی کۆماری ئیسلامی ئێران خستووەتە بەردیدەی دۆناڵ ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا ..

دڵنیاشم دەتوانین ژمارەیەک لەو بژاردانە جێبەجێ بکەین و دەبێتە بەرپەرچێکی کاریگەریش بۆ ئێران ..لە هەمبەر ئەوەی کە ئایا لە نێو ئەو بژاردانەدا، بژاردەی سەربازی لە ئارادایە ؟ پۆمپیۆ گوتی بێگومان بژاردەی سەربازی یەکێکە لە بژاردەکان .هەر لە دیمانەکە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەیدا، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دۆناڵد ترامپ سەرقاڵی تاوتۆ کردنی ئەو بژاردانەیە کە لە ئارادان کە پێویستە بەرانبەر ئێران بگیرێتە بەر تاوەکو کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانێت بێتە خاوەنی چەکیی ئەتۆمیی ، بەردەوامیش سەرۆک ترامپ دووپاتەدکاتەوە کە نایەوێت بچێتە نێوچەنگ و بەزەبری بەکارهێنانی هێ.ی سەربازی ئێران ناچار بکات واز لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی بێنێت.هەر لە درێژەی دیمانەکەدا پۆمپیۆ گوتی، ئێران بەرپرسیاریەتی هێرشەکانی ئەو دوایییەی بۆ سەر جموجۆڵی بازرگانیی دەریای لە کەندا دەکەوێتە ئەستۆ، پێویستە بەرپرسانی ئێرانیش ئەو ڕاستیە بزانن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بە هیچ شێوەیەک ڕێگەنادەن هیچ وڵاتێک ببێتە هەڕەشە بۆسەر جموجۆڵی دەریاوانی لە جیهاندا ..گوتیشی ئەمەریکا زانیاری تەواوی هەیە کە ئێران تۆمەتبارە بەوەی هەفتەی ڕابردوو بە پلانی داربژراو هێرشی کردووەتە سەر کەشتییە نەوت هەڵگرەکان لە نۆکەندی سەڵتەنەی عومان .. لە بەرانبەردا ئێران ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و ڕایگەیاندووە کە پابەندبوونی بە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی کەمتر دەکاتەوە کە ئەمەریکا لێوەی کشاوەتەوە ڕەتیکردووەتەوە.جێی پێزانینە لەوەتەی دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا دەسەڵاتی گرنووتە دەست پرسی پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران یەکێکە لە گرنگترین ئەو دۆسیانەی کە سەرۆک ترامپ گرنگیان پێدەدا .. هەرزوو وای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئەمەریکا لەو ڕێکەوتنامە ئەتۆمیە دەکشێتەوە کە ئەمەریکا چەند وڵاتێکی ئەورووپا لەگەڵ ئێرانیان ئەیزا کردووە بە هۆیەوە ئێران دەتوانێت تەنیا بۆ پێداویستی مەدەنی پەرە بە پرۆگرامە ئەتۆمیەکانی بدات.دواتر سەرۆکی ئەمەریکا بەوەندە نەوەستا بریاریدا سزای ئابووری زیاتر بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران ، هەروەها ڕایگەیاند کە هەوڵدەدەن لەنێوخۆی ئێرانەوە گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمی ئێران دورستبکەن .. دوا بەدوای ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە نێو لیستی ڕەشی تیرۆرەوە. پاشان چەند جارێک کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەوە تۆمەتبارکرد کە هەڕەشەیە بۆسەر جموجۆڵی دەریاوانی لەناوچەی کەندا بۆبەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشانە کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەبراهام لینکۆڵن و هێزێکی دەریاوانی زەبەلاحی هێنایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەپێی وتەی چاودێران ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەگەر ناچاربێت ئەو هێ.ە بەکاردێنێت بۆ پاڕێزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆی لەناوچەکە و هاوکات دەبێتە هۆکاریکیش بۆ گۆڕینی ڕژێمی حوکم لە ئێران.

سالی 1862:
کۆنگرێسی ئەمەریکا بڕیاری قەدەغەکردنی بازرگانیکردن بە مرۆڤی لە هەموو ویلایەتەکان دەرکرد.



سالی 1965:
لە جەزائیر هواری بومدین سەرپەرشتی کودەتایەکی سەربازی کرد .



سالی 1987:
ڕێکخراوی ئیتای ئسپانی لە مەدریدی پایتەخت تەقینەوەیەکی ئەنجام دا و 25 کوژراو و 80 بریندار لێ کەوتەوە .



سالی 2003:
عەبد حمودی سکرتێری تایبەتی سەددامی دیکتاتۆر دەستگیر کرا.



سالی 2007:
لە بەغدا ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیەوە و لە ئەنجامدا 60 کەس کوژران و 214 کەسی دیکە بریندار بوون.



سالی 2017:
لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ئۆتۆمبیلێک خۆی بەناو خەڵکدا کێشا و 10 کەس بوونە قوربانی .

کاریکاتێر



www.xebat.net
چوارشەممە 2019/6/19 ژمارە (5771)



ئایا بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا هاوپەیمانی ناتۆ لەمەترسیی دایە؟



ئا: خالید گەردی

کەس قسەی لەسەر ئەوە نییە ولاتی تورکیا مافی خۆیەتی بیەوێت سیستەمی بەرگری ئاسمانیی لە هەر ولاتێک بکڕێت، بەڵام وادیارە نرخی کڕینی سیستەمە ڕووسییەکە (s400) زۆر لەوە زیاتر بێت کە تورکیا پێشتر پێشبینی بۆ دەکرد، ڕەنگە سەرجەم ولاتانی ناتۆ شان بدەنە بەر بەهای تێچووەکەی.

لەو بارەیەوە تیری شولتز کە ڕاپۆرتێکی تایبەتی بۆ پێگەی (دویتچ فیللە) ئامادە کردووە، تیایدا باس لەوە پێک نەگونجانە دەکات کە ئەمڕۆ لە ئارادایە، لەلایەک سەربازە ڕووسییەکان لە تورکیا دان بۆ مەشق پێکردنی هاوتا تورکەکانیان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی سیستەمی نوێی بەرگری زەمین- ئاسمانیی، کە پێشبینی دەکرێت لە مانگی داهاتوو ڕوسیا بە تورکیای بدات، لەلایەکی دیکەشەوە فڕۆکەوانە تورکەکان لە ئەمەریکان بۆ مەشق کردن لەسەر فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتووی جۆری (F-35) کە تورکیا بە نیازە (100) دانە لەو فڕۆکانە بە بەهای نزیکەی (9) ملیار دۆلار لەکۆمپانیای (لوکهید مارتن) بکڕێت. کە کۆمپانیا تورکییەکان بەشداری لەبەرهەمهێنانی (937) بەش لە فڕۆکە دەکەن کە زۆربەیان پەیوەندییان بە ئامێرەکانی تایبەت بە نیشتنەوەو هەیکەلی ناوەندی فڕۆکەکەوە هەیە. ئێستا ئەمەریکا لە هەوڵدایە دروستکردنی ئەو بەشانەی فڕۆکەکە لە تورکیاوە بۆ ولاتانی دیکە بگوازێتەوە.

لەکاتێکدا ئەمەریکا بە ڕوونی بە تورکیای ڕاگەیاندووە، ناتوانێت لەسەر یاریی دوولایەنی بەردەوام بێت، ئەگەر سیستەمی 400ی ڕوسی بکڕێت ئەوا نەک هەر ڕێگا نادات فڕۆکەوانە تورکەکان لەسەر مەشق کردن لەسەر فڕۆکەی پێشکەوتووی (F-35) بەردەوام بن، بەڵکو بۆندی فڕۆشتنەکەش پووچەڵ دەکاتەوە. واشنتۆن پێی وایە سیستەمە ڕوسییەکە هەڕەشە بۆ سەر فڕۆکەکەی دروست دەکات، کە بۆندی فڕۆشتنی لەگەڵ تورکیا واژوو کردووە.

بەڵام پێناچێت بەپێی لێدوانەکانی بەپرسانی تورکیا هەڕەشەکانی ئەمەریکا، ئەو ولاتە لە کڕینی سیستەمە ڕوسییەکە پاشگەز بکاتەوە، مەولود جاوش ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا سەرلەنوێ سووربوونی ولاتەکەی لەسەر تەواوکردنی ڕێککەوتنەکە کردەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند؛ ئێمە دوژمنایەتیمان لەگەڵ کەس نییە، بەڵام لە باخچەیەکی گوڵداریش ناژین، ولاتە هاوسێکانی تورکیا هاوشێوەی مەکسیک و کەندا نین بۆ ئەمەریکا، هەڕەشەی مەترسیدار لە ناوچەکەماندا هەیە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی توریکا، پێویستە هەنگاوی پێویست بگرینەبەر. لەبارەی پرسیاری ئەگەری چەسپاندنی سزا لەلایەن ئەمەریکاوە بەسەر ولاتەکەی، ناوبراو گوتی:"بەتەئکید کاردانەوەمان دەبێت".

کاردانەوەی بەسەر هاوپەیمانی ناتۆ بە پێی وتەی چاودێران لە ناتۆ، مەترسییەکە گەورەکە لە ئەگەری بەدەستهێنانی زانیاریی نهێنی سەربازیی لەلایەن ئەو سەربازە ڕووسییانەی مەشق بە سەربازە تورکەکان دەکەن. دوگ لوت باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لای هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)بە پێگەی "دویتچ فیللە"ی ڕاگەیاندووە، تورکیا لە بەها سەرەکییەکانی ناتۆکە بریتییە لە دیموکراسییەت و ئازادی تاک و سەروەری یاسا دوور کەوتۆتەوە، هەر ولاتێک لەو بەها سەرەکییانەش دوور کەوێتەوە، دەرگا بۆ نفوزی ڕوسیا دەخاتە سەرپشت.

مایەی سەرنجە جاوش ئۆغلۆ لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادی حەفتا ساڵ بەسەر دامەزراندنی ناتۆ لە مانگی نیسانی ڕابردوو لە واشنتۆن لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند؛ سیاسەتی ولاتەکەی بریتییە لە هاوسەنگ کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو لایەک، لە بۆنەیەکی دیکەی گشتیدا وەزیری دەرەوەی تورکیا گوتی: پەیوەندیمان لەگەڵ ڕوسیا جێگرەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هیچ ولاتێکی دیکە نییە، پێویستە ڕۆژئاواو ڕوسیا داوامان لێ نەکەن لایەک لەو دوولایەنە هەڵبژێرین. لێدوانەکەی کاردانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. فاگو مورادیان سەرنووسەری گۆڤاری (Defense & Aero-space Report) کە یەکێ بوو لە ئامادەبووان لەو کاتەی ئۆغلۆ ئەو لێدوانەی دا، دەڵێت؛ لێدوانەکەی چەندین پرسیار بەدوای خۆیدا هێنا، ڕەنگە پرسیارە گەورەکە ئەوەبێت تا چەند تورکیا سۆزی بۆ هاوپەیمانی ناتۆ ماوە کە لەسەر بنەمای بەرگریی هاوبەش بونیات نراوە، تا چەند متمانە بەو ولاتە ماوە کە لە سەردەمی شەڕی ساردو دوای سەردەمی شەڕی سارد ئەندامێکی سەرەکیی هاوپەیمانی ناتۆ بوو؟

ڕۆلاند فرودنشتاین جێگری بەڕێوەبەری سەنتەری (Martens)یش گوتوویەتی ئەمە چ جۆرە ئەندامێکی ناتۆیە؟ ئەمە کارێکی بابەتیانە نییە، تورکیا دەڵێت پێویستە لەسەرمان بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو لایەنە ڕابگرین، ئەمەش بەو واتایە دێت تورکیا وەک هاوپەیمانی تەواوی جاران نەماوەتەوە.

سەرچاوە : العربیە.نت



ئەنجیلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە کاتی کردنەوەی پارکی ئەرکۆنا لە سانسنیتز لە باکووری ئەڵمانیا.

ویَنەو کۆمێنت

مانشێت



سکای نیوز:
بەرپرسێکی ڕووسی ڕایگەیاند کە ئەمەریکا هەوڵی داوە هێرشی ئەلیکترۆنی بکاتە سەر ژێرخانی ئابووری ولاتەکەی .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
لە باکووری ڕۆژهەلاتی نایجیریا 3 کەسی خۆکوژ خۆیان لەناو ژمارەیەک خەڵکدا تەقاندەوە و لە ئەنجاندا 30 کەس کوژران.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ڕایگەیاند کە تاران تۆڕێکی سیخوڕی ئەلیکترۆنی ئەمەریکی هەڵوەشاندۆتەوە .



ئەی ئێف پی:
لە تویتێکدا ، دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا دووپاتی کردەوە کە بەم نزیکانە ولاتەکەی چەندین ملیۆن پەنابەری نایاسایی ڕەوانەی ولاتانیان دەکاتەوە .



فرانس 24:
لە دوورگەی جاوای ئەندەنووسیا ژێرئاوکەوتنی کەشتیەک بووە هۆی کوژرانی 15 کەس .



کەنالی ئار تی :
چین و کۆریای باکور داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کاری زیاتر بکرێ بۆ ئەوەی نیمچە دوورگەی کۆریا وەک ناوچەیەکی دامالڕاو لە چەکی ئەتۆمی بهێڵرێتەوە .

پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاری بە ژمارە

کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان لە رووی کارگێری بە چەند قۆناغێک تێپەڕیوە، لە بەرێوەبەرایەتی کراوەتە دەستە دواتر کراوەتە دوو دەزگا لە دوو ئیدارەی، پاشان کراوەتە وەزارەتێکی سەربەخۆ و ماوەی 4 ساڵ بەردەوام بووە، دواتر لە ساڵی 2010 کراووەتە دەستە سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئەوەی لێرە ئەخرێتەروو بەشێک لە داتاکانن کە لە دوای 2010 کاریان لەسەر کراوە.



لە 2011 ماستەر پلانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان دەست پێکرا و لە 2013 تەواو کرا، لەم چوارچێوەیەدا پلانی ستراتیژی تاکو 2025 دارێژرا و لە 2013 چۆتە واری جێبەجێکردن و لە ڕێگەی پلانی سالانە چۆتە جێبەجێکردن. زیاتر لە 76 پرۆژە لە چوارچێوەی پلان دیزاینی سەرەکیان بۆ کراوە و ئامادەن بۆ دانیان بە وەبەرهێنەران، ئەمە جگە لەوەی 4 پرۆژەی گەورەی ستراتیژی دیزاینی بنەرەتیان تەواو بووە و چاوەروانی وەبەرهێنەر دەکەن بۆ جێبەجێکردن.

هەرچەند شەڕی داعش و کۆمەلێک قەیران بەربەستی گەورەیان دروست کرد و زیانی زۆر گەورەیان لە کەرتی گەشتیاری دا بەلام لە 2016 بەدواوە کەرتی گەشتیاری لە ڕێگەی پلانێکی تۆکمەوە رووی لە هەستانەوە کرد و ژمارەی گەشتیاران و چالاکیەکان ڕوو لە زیاد بوون کرانەوە، کۆیی زانیاری لە بارەی ژمارەی گەشتیاران و بنکە گەشتیاریەکان و داهاتی نیشتیمانی و داهاتی رسومات بە کورتکراوەی لە خشتەیەک ئەخەینەروو: دواتر پوختەی چەند داتا و زانیاریەک زۆر بە کورتی ڕوون ئەکەینەوە، چونکە ئەگەر باسی سەرجەم لایەنکان بە درێژی بکرێت ئەوە پێویستی بە کتێبێک هەیە.

ڕاگەیاندن و بەبازارکردن

1- بەستنی کۆنفرەنسی گەشتیاری لە ناوخۆ و لە دەرەوی کوردستان، 6 کۆنفرەنس

2- بەشداری کردن لە پێشانگای نێودەوڵەتی (8) پێشانگە(دوبەی، ئەستەنبول، بەرلین، بەغدا.

3- چاپەمەنی (300) هەزار (ڕێبەر، بڕۆشەر، نەخشە، فیلم، ئەلبووم...) بە 7 زمانی جیاواز بۆ گەشتیاران چاپکراون.

4- گەشتیاری ئەلیکترۆنی (مالپەڕ، پەیج، ئەپلیکەیشن) بە پێنج زمانی جیاواز.

5- ریکلام لە 5ڕۆژنامەی جیهانی و هەرەوها بەشێوەیەکی بەردەوام لە سۆشیال میدیا و هەندێک جاریش لە کەناڵەکان کراوە.

6- فیستیڤاڵ (10) فیستیڤاڵ کراوە کە پێنجیان تایبەت بوون بە بەفر و خلیسکان.

7- دیدار و کۆڕبەندی ناوخۆیی و جیهانی 8 دیدار و کۆڕبەند کرا.

8- زیاتر لە 70 نامەی دکتۆرا و ماستەر پشتیارن بە داتا و زانیاری و چاوپێکەوتنەکانی و سەرۆکی دەستە و وتەبێژی دەستە بەستووە و نامەکانیان پێ تەواوکردوون.

9- ساڵانە 130بۆ 150 چاوپێکەوتن و دیداری ڕۆژنامەوانی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەگەڵ سەرۆکی دەستە و وتەبێژی دەستە و بەرێوەبەرە گشتییەکان سازکراوە، کە سەرجەمیان لە نێوان 1170 تا 1350 دانە بووە. جگە لەوەی ساڵانە زیاتر لە 1500 لێدوان بۆ ڕاگەیاندنەکان دراوە. جێگەی دەستخۆشیە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاند کە هاوکار و هەماهەنگ بوونە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گەشتیاری هاوڵاتیان و ناساندنی کەرتی گەشتیاری. جگە لەوەی زانیاری و داتا بە سەدان ڕاپۆرتی ڕاگەیاندرەکان دراوە.

10- بەشداریکردن لە چالاکیەکانی جیهانی و ناوخۆی، هاوکاری دەیان گروپ و شاند کراوە و بە سەدان جۆری بلاوکراوەیان پێدراوە لە ولاتانی دەرەوە داپەش کراون، هەر کۆنفرەنس و چالاکیەک میوانی بیانی هەبووە هەموو جۆرێک لە بلاوکراوە بە سەدان بۆیان دابین کراوە و دراون بە میوانان.

بابەت	ساڵی ٢٠٠٧	ساڵی ٢٠١٨	پلان بۆ ساڵی ٢٠١٩
ژمارەی گەشتیاران	٣٧٧,٣٩٧	٣,٠٥٧,٦٤٢	٣,٥٠٠,٠٠٠
داهاتی گەشتیاری بە ملیۆن دۆلار	٩٠	٩٥٥	١,٠٥٠ ملیار
رسومات	٤٥٠ ملیۆن دینار	٤,٦ ملیار دینار	٥ ملیاردینار
ژمارەی بنکەکان (هۆتێل و موتێل و گوند)	١٨٤	١,٠٥٩	٢% زیاد بکرێ
ریستۆرانت و فاسفود	١٢٩	١٨٥٠	٦% زیاد بکرێ
قەرەبالە	١٠,٥٠١	٧٠,٠٠٠	٧٢,٠٠٠

بەڕێوەبردنی جۆری

یەکەم: کەرتی گشتی: بە مەبەستی بەهێزکردنی سیستەمی کارگێری و بەرزکردنەوەی کوالیتی و باشکردنی چۆنایەتی، بڕوانامەی جیهانی بەدەست هاتووە:

بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئایزۆی نێودەوڵەتی ISO , 9001,2008 بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێری لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بۆ یەکەم جار.

کارکردن بە سیستەمی جیهانی بلانس سکۆردکار balance scorecard کە پێوەرێکی جیهانییە.

دووەم: کەرتی تایبەت: بۆ هاوکاری کەرتی تایبەت و بەرزکردنەوەی کوالیتی بەرهەمەکان و زیاتر خزمەتکردنی گەشتیار چەند جۆرێک خەلات سالانە بە سیستمی جیهانی پێشکەش بە براوەکان و یەکەمەکانی درچووی پێشبڕکێنی نیوان بنکەکانی گەشتیاری ئەکرێت:

ساڵی 2016 (4) بنکە بۆ یەکمجار خەلاتەکەیان وەرگرت

ساڵی 2018 (22) بۆ دووەمجار خەلاتەکەیان وەرگرت.

فێربوون و بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی

بۆ پێگەیاندنی کادری شارەزا و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ، بە هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی پلان گرنگی زۆر بە خوێندنی گەشتیاری دراوە:

- کردنەوەی (4) ئامادەیی گەشتیاری لە (هەولێر، سلێمانی دهۆک، گەرمیان(
- کردنەوەی پێنج پەیمانگای گەشتیاری (3 پەیمانگای حکومی و 2 پەیمانگای ئەهلی).
- کردنەوەی پێنج بەشی گەشتیاری لە (5) کۆلێژ و زانکۆکانی (سلاحەدین، سلێمانی، دهۆک، لوبنانی فەرەنسی).
- خولی راهێنان سالانە زیاتر لە (50) خول بۆ فەرمانبەر و کارمەندی کەرتی تایبەت کراوەتەوە.

ڕێنمایی و ڕێکخستنی بنکەکانی گەشتیاری

بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی بەرهەمەکان و کارەکان و کارگێری گەشتیاری لە کەرتی تایبەت 3پرۆژەی ڕێنمای دەرکراون(بۆ کۆمپانیاکان، بۆ ئاهەنگگێران، بۆ مەی فرۆشتن). هەروەها پرۆسەی پۆلێن پشکنین، کراوەتە ئەلیکترۆنی و بەسیستەم کراوە.

کۆمپانیا و نووسنگە بریکاری گەشتیاری سالانە ژمارەی کۆمپانیا و نووسینگە و بریکاری گەشتیاری لە گۆڕاندان، بەهۆکاری دەرهێنانی مۆلەتی نوێ و نوێ نەکردنەوەی مۆلەت لە لای هەندێکیان کە ئەنجام بەم شێوەی خوارەوەیە:

ساڵی 2007 ژمارەی کۆپانیاکان 117 دانە بووە بەڵام لە ساڵی 2018 گەیشتۆتە 483 دانە.

بەڵام پێویستە بزانرێ کە زیاد کردن و کەم کردنی کۆمپانیاکان لە پلانی دەستە نییە، بۆیە بۆ ساڵی 2019 هیچ مەزندەیەک نییە.

وەبەرهێنانی گەشتیاری

داتاکانی وەبەرهێنانی گەشتیاری پەیوەستن بە دەستەی کشتی وەبەرهێنان، بەپێی داتاکانی دەستەی وەبەرهێنان کەرتی گەشتیاری سێیەم کەرتە، واتە دوای کەرتی نیشتەجێبوون و پیشەسازی دێت.

کۆی وەبەرهێنانی گەشتیاری 6,696 ملیار دۆلارە و لە 14% ڕێژەی گشتی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت.

ئا: نادر روستی

کێ ئەتوانێ داهاتی گەشتیاری گرنگیدان بە کاری دەست لە ڕێگەی دوو هێندە زیاد بکات؟



ئەگەر بتوانین 4 ملیۆن. گەشتیار لە یەک ساڵ بۆ هەرێمی کوردستان بێنین و یەک شەو بمێنەوە، دەکاتە 4 ملیۆن شەو، هەر گەشتیارێک یەک دۆلار خەرج بکات دەکاتە 4 ملیۆن دۆلار، ئەگەر شوێنکانی گەشیاری لە ڕێگەی خزمەتی باش و میوانداری نایەب شەوێکیان پێ زیاد بکەن دەکات 8 ملیۆن شەو و 8 ملیۆن دۆلار ، کەواتە زیرەکی خاوەن شوێنی گەشتیاری و مارکێت و چێشتخانە و هەموو ئەو شوێنانەی میوانداری شایستە بۆ گەشتیار بکەن و دڵی گەشتیار ڕازی بکەن و خزمەتگوزاری باش پێشکەشی گەشتیار بکەن، ئەوە داهاتی گەشتیاری دوو هێندە زیاد دەکات، بەڵام داخی گرانم زۆربەی شوێنەکان گەشتیار دڵگران دەکەن بە (نرخی زۆر، تۆندی مامەلە، نارێکی پێشوازی و میوانداری، پیسی شوێنەکان، ...) ئەمانەش نەک داهات زیاد ناکەن بەڵکو ئەوەی جارێک بێت بۆ جاری دووەم ناچێتەوە هەمان شوێن .

ئەوەی ڕووددات لە ناهۆشیاری گەشتیاری ڕوو ئەدات. بەڵام ڕاگەیاندنەکان ئەتوانن ئەم بۆشایە پڕ بکەنەوە و ڕۆڵی زۆر گەورە لەهۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و خاوەن شوێنەکانی گەشتیاری ببینن.

کردنەوەی بازاڕ و پیشانگەی تایبەت



کاری دەستی لە لایەن ژمارەیەک لە کەسانی دەست ڕەنگین لە هەرێمی کوردستان گرنگی پێ ئەدرێت، کە بۆتە هۆکار بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەلێک بابەت و پێداویستی و بابەتی ڕازاندنەوەی ماڵ و ئافرەتان، هەندێک لە هاوڵاتیان و گەشتیارانیش ئارزووی کڕینی بەرهەمەکانی دەست ئەکەن. بۆیە هەوڵ ئەدرێت بازاڕ و شوێنێک هەبێت بۆ کۆکردنەوە و نمایشکردنی کارەکان و بەرهەمەکان.

مالی کوردەواری بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندنی دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە ڕۆژانی جەژن و دواتریش لە ڕۆژانی پشوو بازاڕی تایبەتی بۆ کۆمەلێک دەستڕەنگین لە پارکی منار و دواتر لە شاری یاری ماجدی لاند ڕێکخست . لە داهاتووش هەوڵی زیاتر هەیە کارەکان فراواتر بکرێن و لە چەند شوێنی دیکەش بازاڕی گەرۆک بۆ گەشتیاران بکرێتەوە.

چارەسەری بدرێت؟ چۆن پەرە بە گەشتیاری



بە ئامانجی پەرەپێدانی گەشتیاری چارەسەری و زیاد کردنی ژمارەی گەشتیاران لە ڕێگەی چارەسەری نەخۆشەکان بە ئامێر و زانیاری سەردەمیانە لە هەرێمی کوردستان ،لەسەنتەری ڕاهێنانی گەشتیاری لە شاری هەولێر، بەسەرپەرشتی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی تەندروستی بۆ نەخۆشخانە و سەنتەرە ئەهلیەکان و کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان و نوێنەری بەشێک لە کۆمپانیاکان و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان و بەرێوەبەران لەدیوانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ و ژمارەیەک لە خاوەن نەخۆشخانەی ئەهلی و سەنتەری ئەهلی وۆرک شۆپەکە بەڕێوە چوو.

سەرەتا لە لایەن سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار مەولەوی جەبار باس لە گرنگی و ئامانجی وۆرکشۆپەکە کرا و تیشکخرایە سەر ئالیەت و شێوازی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری چارەسەری دواتر دەرگای گفتوگۆ لە نێوان ئامادەبووان کرایەوە و کۆمەلێک راوبۆچوون کۆکرانەوە و کرانە بەرنامەی کاری داهاتوو. چەند لیژنەیەکیش لە شارەکان و لە سەر ئاستی هەرێم پیکهات بۆ بەکرداری کردنی راسپاردە و هەنگاوەکانی کارکردن.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/6/19 ژمارە (5771)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

یاری مینا:
هێشتا هیچ شتێکمان نەبردووەتەوە

یاری مینا، بەرگریکاری هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا دووپاتی کردەوە، هەرچەندە بە دوو گۆڵی خاوێن، لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتینیان بردووەتەوە، لەیەکەم یارییان لە پاڵەوانێتی کۆپا ئەمریکا 2019 لە بەرازیل، کەچی هێشتا هیچ شتێکیان نەبردووەتەوە، بۆیە دەبێت کاری زیاتر بکەن و لە یاری داهاتوویان لە قەتەر ببەنەوە. مینا لە شاری ساوپاولۆ وتی:"هەوڵ دەدەین هەمان شێوازی خۆمان پێشکەش بکەین، بیرۆکەی راهێنەر، کارۆلس کیرۆش، روون بوو، بەڵام هێشتا هیچ شتێکمان نەبردووەتەوە، ئێمە بۆ ئەوە لێرەین، تاکو بجەنگین و چاوەڕێ بکەین بزانین چی روو دەدات". مینا دووپاتیشی کردەوە:"گرنگ ئەوەیە بەرامبەر قەتەر، لایەنی بەرگری فەرامۆش نەکەین". مینا لە بارەی ئامانجیان لەو پاڵەوانێتییەدا وتی:"دەزانین بەتەمای چین، هەنگاو بە هەنگاو و بە خاکییەکی تەواو گوزەر دەکەین، بەڵام دەبێت بەهێزەوە کار بکەین". مینا لە کۆتاییدا وتی:"دەبێت هەموو یارییەک بە ئاگاییەکی تەواو ئەنجام بدەین، یاریزانەکان دەبێت لە سەر یاریگە هۆشیار بن، ئێمە هەموومان بۆ ئەوە کار دەکەین، بۆ ئەوەی هەموو شتێک، لە باشترین شێوەدا بێت". شیاوی باسکردنە، هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا بە کۆکردنەوەی 3 خاڵ، لە سەرووی لیستی کۆمەڵەی دووەم دێت، بە تایبەتی دوای یەکسان بوونی هەڵبژاردەکانی قەتەر و پاراگوای بە دوو گۆڵ.

ڕەمزی میرەکانی





ئالڤێش: بەرشلۆنە مااڵی خۆمە

دانی ئالڤێشی یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمان و هەڵبژاردەی بەرازیل باس لە داهاتووی خۆی دەکات و رایدەگەینێت تا ئێستا بڕیاری نەداوە کە لە سان جێرمان بەردەوام دەبێت یاخود دەروات. ئالڤێش کە لەم هاوینە گرێبەستەکەی کۆتایی دێت، بەڵام هێشتا بڕیاری یەکلایی نەداوەتەوە رایدەگەینێت جاری باشتر وایە بیرم بەهەڵبژاردەی بەرازیل لە کۆپا ئەمریکا سەرقاڵ بکەم و دوای کاتی خۆی دێت بۆ بڕیاردان؟ دواتر ئەو یاریزانە بەرازیلییە گوتی: سەبارەت بە پەیوەندیشم لەگەڵ بەرشلۆنە هەروەک جاران بەتینە و بەرشلۆنە بە ماڵی خۆم دەزانم و کەتالۆنیاش ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا ژیاوم و هێشتا هاوڕێ زۆرم لەوێ هەیە.

ریال مەدرید دەستبەرداری 12 یاریزان دەبێت



یانەی ریال مەدرید لەسەرێەتی دەستبەرداری 12 یاریزان بێت لە ڕیزەکانی بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتر لە وەرزی داهاتوو بڕەخسێنێت بۆ یاریزانە تازەکان.
زێدان دەستەی کارگێڕی یانەی ریال مەدریدی ڕازی کردووە کە ئەو گۆڕانکارییانە لەریزی یانەکەی بکرێت لەوانە دەستبەردان لە کیلر ناڤاس و پشت بەستن بە تیبۆ کۆرتوای بەلژیکی، لەهێلی بەرگریش ریال بریاریداوە دەستبەرداری یەکیک لە ناتچۆ یان خیسۆس بێت، هەروەها سێرجیۆ ریجلیۆنیش داوای کردوە بەشێوەی خواستن بچێتە یانەیەکی تر، لە هێلی ناوەڕاستیش هەرێەک لە یۆرینتی دەیەوێ بچێتە ئەتلەتیکۆ و ماتیو کۆڤاسیچیش کە بەخواستن لە چێلسی بوو زێدان نیازی نییە بیهێنیتەوە، لەوالشەوە نێوانی دانی سیبایۆس و زێدان وەک پێویست نییە و زەحمەتە ئەو یاریزانەش شوینی مابێ لە سانتیاگۆ.
ریال مەدرید ڕازی بووە لەسەر ڕۆیشتنی حیمیس ڕۆدریگز بۆ ناپۆلی، لەهێلی هێرشبردنیش بەبەردەوامی ناوی سێ هێرشبەر بەبەردەوامی دەهێندرێن کە لە ریزی یانەکە نامێنێتەوە ئەوانیش نۆزیگارد و ئیبراهیم دیاز و لۆکاس فاسکیز و تەنانەت ئەسینسیۆش.

سەرۆکی پاریس سان جێرمان هەڕەشە دەکات

ناسر خلیفی دەیەوێ چەند بڕیارێکی توند بدات بەرامبەر ئەوانەی پابەندی ڕێنماییەکانی یانەکەی نابێت و بەتایبەتیش ئەوانەی پێیان وایە لەسەرووی یانەکەوەن.
خلیفی لە تازەترین لێدوانیدا ڕایگەیاند کە هەرکەسیک دەیەوێت بڕوات ئەوا دەرگای یانەکە بەڕوویاندا کراوەیە، هەروەها ئەوانەی کە ڕیز لە یاساو ڕێنماییەکانی یانەکەش ناگرن ئەوا شوێنیان لە پاریس نابێتەوە، هەروەها گوتی: پێویستە یاریزانەکان لە ئاست بەرپرسیاریتیدا بن، ئەوان بۆ کات بەسەربردن نەهاتوون، ئەگەر هەر یاریزانێک پابەندی عادا ت و تەقالیدی ئێمە نەبێت دەرگایانن بۆ والآ دەکەین. میدیاکان ئەو لێدوانە تونەدی خلیفەیان بۆ ئەوەگێڕایەوە کە ناراستەوخۆ لەگەڵ نایاریتی ئەگەرچی ناوی هیچ کەسیکی نەبردووە، بەڵام ئاماژەکان ڕوو لە نایمارن کە تا ئێستا وەک پێویست پابەندی ڕێنماییەکانی یانەکەی نەبووە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed, 19. Jun. 2019 No: (5771)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



فەرید ڕەزایی: دارە وشکەکان بەشێوەیەکی هونەری بەکاردەهێنم

خەبات: هەورامانی تەخت- یوسف هەورامی:

فەرید ڕەزایی یەکێکە لەپەیکەر تاشەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دانیشتوی هەورامانی تەختە ماوەی 18ساڵە خەریکی کاری هونەرییەو لەزۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان جێگە دەست دیارەو ئێستاش لەشارۆچکەی هەورامانی تەخت مۆزەخانەیەکی داناوەو سەرجەم کارە دەستیەکانی تێدا نمایش کردووەو ڕۆژانە بەسەدان کەس سەردانی دەکەن.

هەربۆ ئەم مەبەستە سەردانی فەرید ڕەزایی تایبەت بەخەبات بۆمان دواو گوتی:

هەرلەمنداڵیەوە خولیای کاری هونەری بوم و لەهەرشوێنێک داریکی ووشک یان بەردێکم ببینیایە ئیشم لەسەر دەکردو پەیکەرێک یان نەخشێک یان کاریکی جوانم لەسەردەدەکردو ئەوە ماوەی 18ساڵە لەم کارەم بەردەوامم و زۆر خۆشحاڵم.

لەهەمانکاتدا ئەوانەی سەردانی ئێرە دەکەن بەکارەکانم سەرسامن و دەست خۆشیم لێدەکەن.

زۆربەی کارەکانم لەتاران نمایش کردووەو لەباحچەی ساوایان و میترۆو شەقامە سەرەکیەکانی تاران کارەکانم بوونیان هەیەو بەکاشی و قوڕو گڵ و..

هتد چەندین جۆر کاری دەستیم کردووە.

ئێستاش لەهەورامان ئەم مۆزەخانەیەم داناوەو تەواوی ئەو ئیشانە لێرە نمایش کراون کاری دەستی خۆمن و وەک کارگە یەکی لێهاتوە بۆدروست کردنی پەیکەرو تەسبیح و کڵاوو کەوچک و بێشکە و ..هتد.

بەشداریم لە 15پێشانگا لەتاران کردووەو لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی بانگهێشتکراوم بۆنمایش کردنی کارەکانم ،گەورەترین خەڵات بۆمن ڕازی بونی خەڵکە لەکارەکانم.

دهۆک.. فستیڤاڵا شانۆگەریێن قوتابخانان دەستپێکر



بەرهەم شێخ عزەدین

ل ڕۆژێن (17و 18و 19 /6/2019) فەستیڤالا شانۆگەریێن قوتابخانان ل سەر ئاستێ پەروەردەیێن هەرێمێ دێ ل دهۆکێ هێتە گێران. ب ئاماژەبونا بەرێزان عمر علی تاها ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردێ ل پارێزگەها دهۆکێ وشاندەکێ وەزارەتا پەروەردێ ب سەرپەرشتیا بکر کریم حسین ڕێڤەبەرێ گشتی یێ چالاکییێن هونەری وەرزشی ل وەزارەتا پەروەردێ و بهجت ئاڤدەل کارگێرێ لقێ ئێک وریڤەبەرێن پەروەردێن قەزا سەر ب پەروەردا گشتی ڤە فەستیڤالا شانوگەریێن قوتابخانان لسەر ئاستێ پەروەردێن هەرێمێ ل هەلا پەیانگەها هونەرێن جوان ل باژێرێ دهۆکێ دەست پێکر.

دیسا ڕۆژێن دیڤدا 18و 2019 /6/19 دێ ل دەمژمێر 10ی سپێدێ شانوگەریێن پەروەردا هێنە پێشکێشکرن و دێ هەتا دانێ ئێڤاری د بەردەوام بن. ئەڤ چالاکیا سێ ڕۆژی ژی دێ ل هۆلا پەیانگەها هونەرێن جوان ل دهۆکێ بەرێڤەبەرایەتیا پەروەردێ پشکدار ژی ئەڤنە: دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەلەبجە، کەرکووک، گەرمیان.هەر ئەڤرو ل دانێ سپێدێ شانوگەریا هەرپێنج هەست یا پەروەردا دهوک هاتە پێشکێشکرن کۆ ژ ئامادەکرن و دەرهێنانا مامۆستا کاروان جەرجیس .



تورکیا.. گوڵی نیشتیمانی سیمبولی ئاهەنگەکانە



ئەحمەد خەلیل و عەشق

توانا زرار: هونەرمەندی گۆرانییبێژ ئەحمەد خەلیل تازەترین گۆرانی خۆی بەناوی ئەشق بڵاوکردەوە. ئەشق نوێترین گۆرانی ئەحمەند خەلیلە کە بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بڵاویکردەوە . ئەم گۆرانییەی ئەحمەد حەلیل لە ستۆدیۆی ڕێباز قاسم کارە دەنگییەکانی بۆ کراوە و ئیبراهیم حەمیدیش کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامداوە.ئەحمەد خەلیل، یەکێکە لەو دەنگ خۆشانەی لەم چەند ساڵەی دوایدا بەدەنگێکی پڕ لەسۆزەوە هاتە مەیدانی هونەری. ئەحمەد خەلیل لە ساڵی ١٩٨٣ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی ٢٠١٢ دەستی بەکاری هونەری کردووە، یەکەم ڤیدیۆ کلیپیشی بە ناوی چاوەڕوانی بوو ،بەوتەی خۆی بە پارەی کرێکاری ئەم بەرهەمەی بەرهەمهێناوە، ئێستاش خاوەنی زیاتر لە ١٢ ڤیدیۆ کلیپ و لەچەندین ئاهەنگ و کۆنسێرتی گۆرانی بەشداریکردووە، یەکێکە لەو گۆرانییبێژە گەنجانەی خاوەن هەواداریکی زۆرە لەبواری هونەردا.



چەند زانیارییەک دەربارەی پردە میژوویییەکەی خەبات

سیروان مەغدید دیپەگەیی

جوانی سروشت و شوێنەوارە کۆن و میژوویییەکان کوردستانیان جوانتر و ڕازاوەتر کردووە، پردی خەبات یش شان بەشانی شوێنەوار و پردەکانی دیکە جوانییەکی دیکەی بە قەزای خەبات و دەوروبەرەکەی بەخشیوە، ئەم پردە دەکەوێتە سەر زێی گەورە نزیکەی ١٥٠ ساڵە دروست کراوە و هاتووچۆی بەسەردا دەکرێت.میژووی دروستکردنی ئەم پردە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی عوسمانییەکان کە لەسەر زێی گەورە لە نێوان قەزای خەبات ی سەر بە شاری هەولێر و کەلەکی یاسین ئاغا دروستیان کردووە کە هەردوو شاری هەولێر-دهۆک و هەولێر- موسڵ بەیەک دەبەستێتەوە شان بەشانی پردە نوێ یەکەی تر، درێژییەکەی نزیکەی ٤٢٦ مەتر دەبێت کە بەشێوەیەکی ئەندازەیی زۆر جوان و کەوانەیی لە بەردی گەورەو مامناوەند و چیمەنتۆ دروستکراوە، قەبارەی هەندێک لە بەردەکان ٤٤سم بە ٦٧ سم دەبێت، ژێر پردەکە شێوەی کەوانەیی یە و پردەکە لەسەر (١٦) دینگەی ستوونی گەورە وەستاوە، نێوانی هەر دینگەیەکی ١١ مەتر و ٢٠ سانتیم دەبێت و پانی دینگەکان ٦ مەتر و ٢٠ سم بە و بەرزی دینگەکان ٦ مەتر و نیوە، کە پێشتر ژمارەی دینگەکان زۆر زیاتر بوون، بەڵام بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەی ئێرانی بەشێکی ڕووخا لەکاتی جەنگی نێوان ئێران و عێراق، پاشان بە ئاسن چاک کراوەتەوە، وە لەو سەردەمی ئینگلیزەکان، پردی خەبات لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی هیندی نۆژەنکرایەوە.



ئەپلێکەیشنێکی ناوازە بۆ ئەوەی وێنەکانت لەوەتس ئەپ بکەیتە ستیکەر

ئەپلێکەیشنی ناسراوی وەتس ئەپ تایبەتمەندی Stickersی بەردەست کردوە کەچەند وێنەیەکە ئەکرێ لەگفتوگۆکاندا بەکاری بێنیت.

ئەمەش لەڕێی کۆگای ئەندرۆیدەوە بەردەستە و دەتوانیت چالاکی بکەیت، دەشتوانیت ئەم ئەپلێکەیشنەی بۆ دابەزێنیت کەبە Sticker Studio ناسراوە و بەخۆڕایی لەگوگڵ پلەی دادەبەزێنرێت، بەو جۆرە هەر بەشێکی وێنەکەت ویست دەتوانیت دایبەزێنیت و بیکەیتە ستیکەرو بۆ هاوڕێکەتی بنێریت.